



# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی هەشتەم ژمارە (187) بەرواری 15-3-2025 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## هەڵەبجە قوربانی دەستی بەعس و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە!



١٦/٣ ئەمساڵ ٣٧ بەسەر تاوانی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت. بەسەر تاوانکارییەکدا کە تیایدا بە هەزاران ئینسان لە چاوتروکانێکدا، لە کیمیایی هەڵکێشران و ژیانیان لێ سەندرایەوە. تاوانێک کە هەموو بوونەوەرێکی ژەهراوی کرد و ژینگەی سیغناغ کرد لە ژەهر.ئەم جینۆسایدە جەرگبڕە، لە کاتێکدا ڕوویدا کە جەنگی عێراق و ئێران لە کۆتاییەکانی خۆی نزیک دەبووەوە، لە کاتێکدا ڕوویدا کە بزوتنەوەی ناسیونالیستی

بۆ لاپەڕە 3

## پڕۆژەی ڕوناکی یان تاریککردنی ژیان و خاڵی کردنی زۆرتری سفرەکان...



لە هەڵمەتێکی نوێ و تازەی دەسەڵاتدا بۆ روتاندنەوەی زۆرتری ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، پرۆژەی روناکیان هێناوەتە ئارا. پرۆژەی روناکی، کە بەڵینی زامنکردنی ٢٤ سەعاتەی کارەبایە، لە جێگای ئەوەی ببێتە ئاسانکردن و ژیان و روناککردنەوەی ماڵ و فینککردن و گەرمکردنەوە و زۆر پیویستی تر کە بە بوونی کارەبا مەیسەر دەبن، هەر لەسەرەتاوە پرۆژەی روتاندنەوەی

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- سەبارەت بە مانگرتن......................................................................ل4
- دوو حزبی بنەماڵەی کورد لە سەدام حسێن دیکتاتۆر تر.................................ل4
- ”پرۆسەی ئاشتی“ لە تورکیاو کێشەی کورد.................................................ل6
- دیمانەیەکی تایبەت سەبارەت بە ڕفاندنی ئۆجەلان هۆکار و ئەنجامەکان............ل8
- زمانی دایك باشییەکانی بۆ منال...........................................................ل9




## دۆسیەی ژمارە ”پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان و پرۆسەی ئاشتی و ڕێکەوتنی جۆلانی و مەزلۆم عەبدی...“

هاوڕێ عەلی مەحمود وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل10-11-12


ل8 کۆشەی ئەدەب و هونەر | ل5 پرسی بۆڕ

## وتەی ژمارە

## لە پەراوێزی ڕێکەوتنی نێوان جۆلانی و مەزلۆم عەبدیدا!

عەبدوڵا مەحمود

بەرواری ١٠ ی ئەم مانگە، ڕێکەوتنێک لە نیوان جۆلانی "ئەحمەد شەرع" وەکو سەرۆکی کاتی دەوڵەتی سوریا، لەگەڵ مەزلۆم عەبدی سەرۆکی هێزەکانی سوریای دیموکرات "هەسەدە" واژۆ کرا. ئەم ڕێکەوتنە بەر ئەنجامی چەندین کۆبونەوەی لە پێشتری هەردوو لا بە سەرپەرشتی دەوڵەتی ئەمریکا و ئاگاداری هەریەک لە تورکیا و قەتەر و عەرەبستانی سعودی بەرێوەچووە.



دیارە چ دەسەڵاتی نوێ سوریا لە دیمشق و چ دەسەڵاتی خۆجێی هەسەدە لە چوارچیوەی سوریادا، روو بەرووی دۆخێکی تایبەتن، هەر ئەم دۆخە تایبەتە وای کردووە هەردوو لا بەناچاری دەست بۆ گفتوگۆ و ڕێکەوتن ببەن...

تا ئەو جێگایەی بەدەسەڵاتی ئەحمەد شەرع دەگەرێتەوە، دەسەڵاتێکی هەش و ناسەقامگیر و رووبەرووە لەگەڵ دەیان گرفتی دەرەکی و ناوخۆیی

ئەحمە شەرع لەلایەکەوە پێویستی بەراگرتنی باڵانس و هاوسەنگی راگرتن لە نێوان جەمسەرە جیهانی و ناوچەییەکان و لەلایەکی تر پێویستی بە ئارام کردنەوەی دۆخی ناوخۆیی سوریا و وەڵامدانەوە بە گرفتەکانی بەردەمیەتی... هەموو جوڵەیەکی دەسەڵاتی تازە لەسوریا مۆری ئەم دۆخەی پێوەیە.

لەنێوان گرفتە دەرەکی و ناوخۆییەکان، پرسی ناوخۆیی بریاردەر و زامنی راگرتن و دروستکردنی پەیوەندیەکان و ئابدەت کردنەوەیانە... ئەگەر دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع وەکو سەرۆکی کاتی سوریا، نەتوانێت ڕیگا بە ئاراستەی گێرانەوەی ئارامی و ئاسایشی ناوخۆ، کۆتاییهینان بە جەنگ و شەری ناوخۆیی، وەڵامدانەوە بە گرفتە بناغەییە سیاسی و ئابورییەکان، بەتایبەت باشکردنی لانی کەمی ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی هاوڵاتیان بداتەوە، ناتوانێت پەیوەندیەکانی رابگرێت و مەقبولیەتی پشتیوانی لە ئاستی ناوچەکەو دنیادا بەدەست بهێنێت.

دابەش بوونی ناوخۆیی لەسەر بنەمای ئەتنیکی و دینی و مەزهەبی و تایفی و هەڵاواردن کە لە بنەرەتدا رەنگدانەوەو کارکردنی دەسەڵاتی روخاوی پێشو و قەومی بوونی دەوڵەت بوو، لەگەڵ بوونی هێزی چەکداری هەرکام لەوانە و مانەوەی هیزەکانی پاشماوەی دەسەڵاتی پێشوو، سەرەکیترین مەترسی سیاسی و ئەمنی ناو سوریا و زەمینەی دەستیوەردانی وڵاتانی ناوچەکەشە.

بۆ لاپەڕە 2

## درێژەی وتەی ژمارە

ئەحمەد شەرع دەیەوێت لەلایەکەوە لەڕێگای دانووساندن و ڕیکەوتن و لەلایەکی تریش لە ڕێگای سەرکوت و زەبروەنگ و تیرۆرەوە دۆخی ناوخۆیی سوریا هێور بکاتەوە ڕیگای جێگرکردنی دەسەلاتەکەی بکاتەوە. مل دانی ئەحمەد شەرع بەدانووساندن و ڕێکەوتن بە جیا لە گوشاری دەرەکی ناچارییەکە لە راستای مانەوە و پێداکوتانی بۆ مانەوەی خۆی...

لەو نێوەدا بوونی دەسەڵاتێکی خۆجیی "هەسەدە" لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا، بە ئیدارە و هێزی چەکدار و ئەمنی و پەیوەندی سەربەخۆ... کە وابەستەشە بەمافی هاوڵاتی بوون و پرسی کوردەوە، یەکێک لە بناغەییترین کیشەکانی ناوخۆی سورییایە. لەو چوارچێوەیەدا دەبێت تەماشای هەوڵەکانی ئەحمەد شەرع بکرێت...

دیارە دەسەڵاتی خۆجیی هەسەدەش... ڕووبەڕووی مەترسی گەورە بوو... ئەم دەسەلاتە یان دەبوو لەڕێگای زۆرەوە لە بەین ببرێت یان دەبوو ببێتەوە بە بەشێک لە سوریا و یانیش سەربەخۆ بێت... کە ئەمەی دوایان نە زەمینەی هەیەو نەلەتوانادایە... ئەم دەسەلاتە لەلایەکەیەوە لەبەردەم هەرەشەی بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا و لەلایەک و هاوکات لەبەردەم هەرەشەی دواتری سوپای سوریادا بوو... بەتایبەتی بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و نەمانی پشتیوانیەکەی ئەم پرۆسیە خێراتر دەبوو... هاوکات بانگەوازەکەی ئۆجەلان بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەرەشەیەکی تر بوو لەم دۆخەدا، هەموو ئەوانە هەسەدەیان ناچار بەوە کرد مل دانوستاندن بدات و لەو دانوسانەشدا جێگایەکی لە سوریای تازەدا پێ ببرێت و ببێتەوە بە بەشێک لە سوریا...

لەم ڕێکەوتنامەیەدا چەند خاڵیک هەیە لەوانە "مسۆگەرکردنی مافەکانی هەموو سووریاییەکان لە نوێنەرایەتی و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت بە بنەمای لێهاتوویی بێ ڕەچاوکردنی پاشخانی ئایینی و نەتەوەیی.

"کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی ڕەسەنە لە دەوڵەتی سوریا و دەوڵەتی سووریا مافی هاوڵاتی بوون و هەموو مافە دەستوریەکانی مسۆگەر دەکا"

ئەم دوو بڕگەیە، کە لەلایەکەوە دان دەنێت بە بوونی کورد و زامنکردنی مافی هاوڵاتی بوونی، دەوڵەتێکی پێچەوانەی دەوڵەتی سوریای پێشوومان نیشان دەدات و سوریا دەکاتە وڵاتی هاوڵاتیانی بەبێ ناسنامەی دینی و قەومی و ئەمەش بەمانای کۆتاییهاتن بە هەڵاواردن و جیاکاری و ستەمی نەتەوەیی دێت... ئەگەر ئەوە جێ بەجێ بکرێت، بەهەموو پێوانەیەک لە فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی باشتر و ئاییندەیەکی تر دەخاتە بەردەم کۆمەڵگە و هاوڵاتیانی سوریا.

دیارە واقعی بوون و پیادەبوونی بەکردەوەو یاسایی ئەم مافانە لە گرەوی ئەوەدایە دەوڵەتی سوریا، دەوڵەتیکی عەرەبی نەبێت و دەوڵەتێکی سکیولاری ناقەومی بێت... بەفەرمی ناسینی ناسنامەی کورد لە دەوڵەتێکدا کە ناسنامەکەی عەرەبی بێت و خۆی بەبەشیک لە جیهانی عەرەبی و بە بەشێک لە جیهانی فراوانتری "عەرەب" خۆی پێناسە بکات، هاوتایە لەگەڵ پێناسەکردنی کورد وەکوو ئینتیمایەکی میللی پلە دووەم. ئەمەش ئەو شتەیە کە لەدەوڵەتی عێراقی پیش روخانی بەعسدا جێگیرکرابوو. هەروەها بە بنەما وەرگرتنی دین یان کەڵک لێوەرگرتنی وەکو سەرچاوەی یاساکان، مە ترسییەکی ترە کە جێگایەک بۆ ئازادی تاک و مافی هاوڵاتی بوون ناهێڵێتەوە...

ڕۆشنە ئەم ڕێکەوتنە لەگەڵ ئەحمەد شەرع، هەرگیز بەمانای پاککبوونەوەی شەرع لە تاوانەکانی دەورەی رابردوو وەلە کۆمەڵکوژییەکانی ئەم دواییە لە کەنارە ئاوییەکانی سوریا و جێگاکانی تر نییە، هەر وەکو چۆن ڕێکەوتن لەگەڵ بەعسیەکان بەمانای دەستپاکیان لە بەرامبەر بە خەڵکی عیراق و کوردستاندا نەبوو، یان لەهاوسەنگی هێزێکدا ئەگەر ڕیکەوتن لەگەڵ ئیران لەسەر کیشەی کورد لە ئیران بکرێت، بەمانای پاک بوونەوەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان بەوێنەی حکومەتی سەنگسار و ئیعدام نییە... وە بەهەمان شیوە "پرۆسەی ئاشتی" ئیستا کە لەگەڵ تورکیا هەیە، بەمانای سڕینەوەو چاوپۆشی لە فاشیزمی ئەردۆغان و دەوڵەتە دڕندەکەی نییە... دیارە بەهەمان شیوە و خود بەخود بەمانای بەخشینی میدیالی پێشکەوتنخوازی و شۆرشگێری بەو هێزو جوڵانەوەیەک نییە کە دانوساندن لەگەڵ ئەم ڕژێمانە دەکەن... دەبێ ئەو راستیەش بزانین کە دەشیت هێزی پیشکەوتنخواز و چەپیش لە بڕگەیەکدا یان لەسەر پرسێکی گرنگ کە بەرژەوەندی چینی کرێکار یان لە خزمەت بەرەوپیش بردنی خەباتی چینایەتیدا بێت، بچیتە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتە سەرکوتگەر و دیکتاتۆرەکاندا. چاوەڕوانی لەوەی دەبێ ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتی باش و مەدەنی و پیشکەوتنخواز بکرێت... ناکۆکییەکی ئاشکرا و تیگەیشتنیکی هەڵەو خوێندنەوەیەکی کوشندەیە. ئەگەر دەسەڵاتێک مەدەنی و پێشکەوتنخواز هەبێت و هاولاتیان بی گوێدانە ناسنامەی قەومی و دینی لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بن، کیشەی نەتەوەیی و هەلاواردن نابێت و پیکەوە ژیانی ئارەزومەندانە پیادە دەکرێت و باسێک بۆ گفتوگۆ و ڕیکەوتن دەربارەیان لە ئارادا نابێت... خودی ستەمی نەتەوەیی و هەلاواردن و جیاکاری و ستەم و کوشت و کوشتار و کاری درندانە، لەهەر وڵاتێکدا نیشانەی ئەوەیە ئەم دەسەڵاتە سەکوتگەر و نائینسانییە... بۆیە لەهەر بوارێکدا کە هاوسەنگی هێز ڕێگەدەدات دانوساندن و ڕیکەوتن لەگەڵ ئەم نیزامانە ناچارییە و بۆ کۆتاییهێنان بە کیشە و گرفتە ئاڵۆز و سیاسی و لێکەوتەکانی ...

ئەوەی گرنگە دەبێ پێداگری لەسەر ئەوە بکرێت دەوڵەتی داهاتوو سوریا، ناسنامەی قەومی نەبێت و هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بن، ئەمە دەبێ دابسەپێنرێت و ڕیگە لەوە بگیرێت جارێکی تر دەوڵەتیک بە ناسنامەی قەومی یان دینی دەسەڵاتی دابمەزرێنێت... ئەم ڕیکەوتنەی ١٠ ئەم مانگە کرا، لە بەندەکانیدا ڕەنگدانەوەی سوریایەکی نوێیە، لە دۆخکی تایبەت و هاوسەنگی تازەدا... پێویستە ئەوە جێ بەجێبکرێت. نەمانی کیشە و ستەمی قەومی و وەڵام وەرگرتنەوەی بە سودی چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینەیە لە پێناو شۆرشی سۆشیالیستی خۆیدا.

چەپ و کۆمۆنیزم و جوڵانەوەی رادیکاڵ و ئازادیخوازەکان، پیویستە یەکێک لە مەیدانە سەرەکیەکانی خەبات و بەرامبەرکێیان لەگەڵ دەسەڵاتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی سوریا، پێداگری لەسەر سوریایەکی مەدەنی ناقەومی و نادینی و دەستورێکی سکیولاری نا قەومی بێت..

**ناوەڕاستی ئازاری ٢٠٢٥.**

# له بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات.

- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بیناو ویبستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
- بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوێنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبوتەوە.
- * درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**بەفەرمی ناسینی ناسنامەی کورد لە دەوڵەتێکدا کە ناسنامەکەی عەرەبی بێت و خۆی بەبەشیك لە جیهانی عەرەبی و بە بەشێك لە جیهانی فراوانتری "عەرەب" خۆی پێناسە بکات، هاوتایە لەگەڵ پێناسەکردنی کورد وەکوو ئینتیمایەکی میللی پلە دووەم. ئەمەش ئەو شتەیە کە لەدەوڵەتی عێراقی پیش روخانی بەعسدا جێگیرکرابوو. هەروەها بە بنەما وەرگرتنی دین یان کەڵك لێوەرگرتنی وەکو سەرچاوەی یاساکان، مە ترسییەکی ترە کە جێگایەك بۆ ئازادی تاك و مافی هاوڵاتی بوون ناهێڵێتەوە...**

## درێژەی: هەڵەبجە قوربانی دەستی بەعس و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە!

کوردو حزبەکانی، لە ململانێی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی فاشیستی بەعس، پاڵیان بە رژێمی ئاخوندەکانی ئێرانەوە دابوو تا لەو ڕێگایەوە بەشی دەسەڵات لە رژێمی بەعس وەربگرن. وە لەو چوارچێوەیەدا بوونە پێش لەشکری پاسدار و هێزەکانی کۆماری مەرگ و خوێن بۆسەر هەڵەبجە. ڕژێمی بەعسیش کە دەستی لەهیچ تاوانکارییەک لەدژی ئازادیخوازان لە عیراق و خەڵکی شۆرشگێری کوردستان نەدەپاراست، پێش لەشکری هێزەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کردە پاساو و بیانوو بۆ کیمیابارانکردنی هەڵەبجە. سەرئەنجام لەم تاوانە دڕندانەیەدا بە هەزاران ئینسانی بێتاوان بوونە قوربانی و گوردانێکی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانیش کەوتنە بەر ئەو پەلامارەو ئەوانیش ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانیان گیانیان لەدەستدا.

ئەم ڕووداوە لە هەلومەجێکدا پێکهات، کە دنیای بەرژەوەندخوازی سەرمایەو سەرمایەداری لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی عێراقدا بێدەنگەیان هەڵبژارد و چاویان لەو کردەوە ئینسان کوژییە بە کۆمەڵە نوقاند.

ئێستا کە ٣٧ ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێدەپەڕیت، وە لەکاتێکدا کە هێشتا زامی هەڵەبجە زامێکی هەتوان... نەکراوە، تاوانی قڕکردنی شەنگال لە ساڵی ٢٠١٤دا، کەلەلایەن داعشەوە ئەنجامدرا، نەک هەر زامی قوڵی کارەساتی هەڵەبجەی کولاندەوە، بەڵکو هاوکات دیسان رۆڵی حزبەکانی بۆرژوازی کوردیشی نیشان دایەوە، کە هەمیشە بەشێکی بەشدارن لەو تاوانانەدا. ئاخر پێشتر دەزانرا داعش ڕووبکاتە هەر سەرزەمینێک حکومی خودا و قورعان بەسەرە نیزەی ئیسلام دادەسەپێنێ، بەڵی لەوەها حاڵەتێکدا کە هێزێکی زۆری پێشمەرگەو زێرەڤانی لەو شارە بوون، لەگەڵ هاتنی داعش رایان کرد، بێئەوەی راکردن یان پاشەکشە!!ی خۆیان بە جەماوەر رابگەیەنن تا ڕێوشوێنی خۆدەربازکردن بگرنە بەر و ئەو کارەساتە دڵهەژێنە بەدوای خۆیدا نەهێنێ. بەڵی خەڵکی شەنگالیان بەدەستی بەستراوەوە بۆ هیزە دڕندەکانی داعش بەجێ هێشت، کە بووە هۆی کوشتاری بەکۆمەڵ، ئیغتیساب و سەربڕین، ڕفاندنی هەزاران کەس و بەتایبەتیش ژنان و پاشانیش کڕین و فرۆشتن کردن بە ژنانی دەستبەسەرکراوەوە. ئەم تاوانەش، ئەو ڕاستیەی خستەوە روو، کە بەجیا لە دڕندەیی رژێمی بەعس و هاوشێوەکانی، بەجیا لە دڕندەیی داعش و هاوشێوەکانی، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هاوبەشی ئەو تاوانانەن و تاوانبارن. تاوانباری ئەم حزبانە لەم ڕووداوانەدا، هەر کاتی تاوانەکە نییە، بەڵکو دواتریش لەدرێژەی بەشدارییان لە تاوانەکاندا، دەست لە تاوانباری بەرنادەن. کەیسی هەڵەبجە و شەنگال و دۆسیەی هەموو کارەساتەکانی تر دەکەنە ڕێگا و بەردەبازی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان. وەکو کارت و سەرمایە بۆ سات و سەودا لەگەڵ لایەنە تاوانکارەکان و وڵاتە چنگ خوێناویەکانی پشتیان و ناوچەکە... بەدەستیەوە دەگرن.لەوەش واوەتر لەژێر ناوی ئاوەدانکردنەوەو قەرەبووکردنەوەیدا، ئەو ناوچە و شوێنانە دەکەن سەرچاوەی دزی و تاڵانی. هەموو ساڵێک یادی کارەساتەکە دەکەنە بەخشینەوەی بەڵین، بەڵام لە دنیای واقعیدا، خۆیان لەهەموو بەرپرسیارییەتیەک دەدزنەوە. ئەوەی کەدوای ٣٧ ساڵ، هێشتا تۆمەتبارانی بەشدار لەو تاوانکارییەدا نەدراونەتە دادگاو لێپرسینەوە، هێشتا ژمارەیەک لەو تۆمەتبارانە ئازادن یان بەپرسی حزبین، هێشتا پرسی بە جینۆساید ناساندنی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەشوێنی خۆی نەگەیشتووە، هێشتا دەوڵەتی عێراق ناچار بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی نەکراوەو خۆی لە قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە بێدەنگ کردووە، هێشتا بە وردی نازانرێ ژمارەی کوژراوەکانی هەڵەبجە چەند بووە؟ چەند بریندار بووە؟ چەندی ژن و مناڵ، یان پیاو بەتەمەن بووە؟ ژمارەی ونبووەکان چەندە؟ چەند کەس لە بریندارەکان گیانیان لەدەستداوە؟ ژینگەی هەڵەبجە و ئاو و هەوای ئەو ناوچەیە چ کاریگەرییەکی ئەو کیمیایەی لەسەرە؟ دەیان پرسیاری تر... دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی و جەماوەرییەوە. لەوانەش واوەتر، سەرباری بەخشینەوەی ئەو هەموو وادەو بەڵینانە، هێشتا هەڵەبجە و زیندووەکانی هەڵەبجە، لە دۆخێکی نەخوازراودان، هێشتا سیمای شارێکی ئەم سەردەمە بە هەڵەبجەوە نابینرێ. هێشتا جادەو ڕێگاو بان، پارک و ڕێژەی سەوزایی، شوێنی سەرگەرمی بۆلاوان و تازە لاوان، ئایندەیەکی ئینسانی بۆ بەساڵاچوان... نابینرێ.

بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە، نەک نەیتوانیووە، دەردە بێئەژمارەکانی هەڵەبجە دەرمان بکات، بەڵکو ئەم بریارە چونکە خودی دانیشتوانی هەڵەبجەو خزمەتکردنیانی ئامانج نییە، چونکە لەراستای قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە و بەرەوابینینی بە پارێزگاکردندا نییە، بۆیە هێشتا بریندارانی هەڵەبجە بەدەست زامی هەڵەبجەوە دەناڵێنن. هێشتا کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە دەکرێنە چاوچنۆکی دەسەڵاتێکی مافیایی. هێشتا ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەڵەبجە شایستەی ئینسانی ئەم سەردەمە نییە. هەڵەبجە تا ئەو شوێنە لای دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی پیرۆزە، کە وەکو سەرچاوەی سواڵی سیاسی، سواڵی داهات، سواڵی زەلیلی لەبەردەم نەیارانیاندا، پیشان بدەن.

ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ خەڵکی قەسابی کراوی کوردستان بەگشتی و هەڵەبجە بەتایبەتی، بەردەوام زامەکانی خەڵکی کوردستان دەکولێنێتەوە. ئەم رەفتارو مامەڵەیە، هەمیشە تاوانەکان بە زیندووی دەهێڵێتەوە. خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی تریش خەڵکی تاوان دیدەی هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستان، نابێت هیچ جۆرە خۆشباوەڕییەکیان بەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەڵینە پوچەکانیان هەبێت. پێویستە بە هێز و ئیرادە نواندنی خۆیان کەیسی هەڵەبجە لەدەستی ئەو حزبانە دەبهێنن و خۆیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە، بۆ بەدادگا کێشانی تۆمەتباران، بۆ بەجینۆساید ناساندنی لەئاستی کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتیدا، بۆ ناچارکردنی دەسەڵات لەبەغدا بۆ قەرەبووکردنەوەیان، تا هەوڵدان بۆ پاککردنەوەی ژینگەی هەڵەبجە و بەتەنگەوە چوونی بریندارانی هەڵەبجە تیبکۆشن و لەو خەباتەشدا ئوردوی جەماوەری ئازادیخوازو ئینسان دۆست و بە پشتیوانی سەرەکی خۆیان بزانن. لەگەڵ ئەو ئۆردووەش بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی تێبکۆشن کە هەم لەتاوانی هەڵەبجەدا لەپاڵ رژێمی بەعسدا تۆمەتباران و هەم دوای کارەساتی هەڵەبجەش، بە درێژەدان بە ستەم و بێمافی و چاونووقاندن لە تۆمەتباران، تاوانبارن....

## درێژەی: پرۆژەی روناکی یان تاریککردنی ژیان و خاڵی کردنی زۆرتری سفرەکان...

هاولاتیان و خاڵی کردنی زۆرتری گیرفانی جەماوەری بەش مەینەتی کوردستانە... ئاماژەکان باسی گرانی نرخی کارەبای ٢٤ سەعاتی دەکەن، کە بەهیچ شیوەیەک بەپێی داهاتی تاک و هاوڵاتیان نییە. جیا لەوانە بێ موچەیی و گرانی بازار و پێداویستیەکانی ژیان و تەندروستی و خوێندن و پەروەردە، دەستی ناوەتە بینەقاقای هاوڵاتیان... لەو نێوەدا دەسەڵات لە جیاتی ئەوەی کارەبای ٢٤ سەعاتی زامن بکات و نرخێکی رەمزی لەسەر دابنێت یان پشتیوانی بکات، خۆی بۆتە بەڵیندەرێک کە لەو پرۆژەی دابینکردنی کارەبایەش چاوچنۆکی و قازانج لە پێش هەموو شتیکەوەیە و هاوڵاتی و روناکی بەخشین بەژیان، جێگایەکی نییە. هیچ خێزانیکی کریکار و زەحمەتکیش یان بێکار و قوتابی توانای کرینی چەند سەعات کارەبای نابێت و ناتوانێت لێی بەهرەمەند بێت. کەواتە دووبارە ئارەزووی روناکی و کارەبا، دەبێتە ویستی زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە... زوربەی زۆری هاوڵاتیان کە بەدەست نەبوونی و گرانی و بیکاری و برسێتیەوە دەناڵێنن، یان ناتوانن لەم پرۆژەیە سود مەند بن یان دەبێت بەشی زۆری داهاتیان بۆ کارەبا تەرخان بکەن... ئەم پرۆژەیە بە هەموو پێوانەیەک، پرۆژەی تاڵانی و دزییەکی ئاشکرای ترو هێرشیکی ترە بۆسەر سفرەی جەماوەری بەش مەینەت و تاریکترکردنی ژیان لێیان... لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا پرۆژە خزمەتگوازرییەکانی وەکو ئاو و کارەبا و پاککردنەوەو خەستەخانەو دەرمان و پێدوایستی پەروەردە و فێرکردن و هاتووچۆ... بەپیی داهاتی تاک و هاوڵاتیان، دادەرێژریت و دەوڵەت و دەسەڵاتی بەرپرس پشتیوانی دەکات، تا قورسایی زۆر لەسەر دانیشتوان دانەنێت، کەچی دەسەڵاتی نا بەرپرسی بۆرژوازی کورد وێرای دەیان و سەدان ڕێگا بۆ داتەکاندنی گیرفانی هاوڵاتیان، دیسان خەریکی بەدەستەوەگرتنی رێگای ترە بۆ تاڵانکردنیان و قازانجی زۆرتر بۆ خۆیان و کۆمپانیاکانیان. ئەم پرۆژە تاڵانکارییە دەبێ بکەوێتە بەردەم نارەزایەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە. ئەگەر بریارە "پرۆژەی روناکی" کارەبای ٢٤ سەعاتی کە مافی سەرەتایی هاوڵاتیانە دەبێ و لێی بەهرەمەند بن، پێویستە نرخێ رەمزی بێت و لەتوانای زوربەی زۆری هاوڵاتیاندا بێت، کەڵکی لێوەربگرن، بۆ ئەوەش پێویستە لەلایەکەوە دەسەڵات کۆمەکی بکات و لەلایەکی تریشەوە دانانی نرخەکەی بەپێی داهاتی هاوڵاتیان بێت.

هەر لە پەیوەند بە پرۆژەی روناکی و ستەم نادادیەک کە لەپشتی پرۆژەکەیە ئەنجومەنی مامۆستایانی نارازی لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی ئەم هەنگاوە دەکەن و هوشدرای دەدەن بە دەسەڵات... لە بەشێکی راگەیاندندنەکەدا هاتووە:


"وەکو ئاگادارن زیاتر لە 30 ساڵە دەسەڵاتدارانی هەرێم داهاتی سەرخان و ژێرخانی ئەم وڵاتە بەتاڵان دەبەن و گەلی کوردستان بێ موچە و برسی دەکەن.

بەتایبەتی لەدوای ئابوری بەناو سەربەخۆوە وە لەو ڕۆژەوە ئەم دەسەڵاتە نەزانە بڕیاریدا بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغداد نەوتی هەرێمی کوردستان بفرۆشێ، بێ موچەیی و هەژاری دواکەوتنی موچە دەستی پێکرد.

دەسەڵاتدارە بێ ویژدانەکە لەجیاتی قەرەبوکردنەوەی ئەو دۆخە سەختەی ژیانی هاوڵاتیان و موچەخۆران بەردەوام بە بڕیاری ستەمکارانە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان سەختر دەکەن و گرانی و نەبونی زیاتر دەکەن.

لەم چوارچێوەشدا بە بیانوی دابیکردنی کارەبای 24 کاتژمێری دەیانەوێ نرخی کارەبا بەشێوەیەکی زۆر خەیاڵی گران بکەن و تەواوی هاوڵاتیان بکەنە کرێچی کۆمپانیا حیزبی و بنەماڵەییەکانیان" لە بەشێکی تریدا هاتووە"..لە کۆتاییدا ئێمە لە ئەنجومەنی مامۆستایانی نارازی هاوڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە لە ئاست ئەم گیرفانبڕینەو هەر ستەمێکی تری بنەماڵە حکومڕانەکانی هەرێم بێدەنگ نابین، ئەگەر ڕانەگیرێن لە ئایندەدا بەهاوکاری سەرجەم چین و توێژەکانی تر هەڵوێستی بەرفراوانمان دەبێت" .

# دوو حزبی بنەماڵەی کورد لەصدام حسین دیکتاتۆر تر بۆ ژیانی هاوڵاتیانی کورد لە هەریمی کوردستانی عیراق!



ئەو دوو حزبە لەگەل سەرەتایی دروستبوونی پیگەی دەسەلات کەمتر لە سالیک هەریمی کوردستانیان دابەش کرد بۆ دوو زۆن ( زەرد و سەوز) چەندین داستانی کورد کوژیان تۆمار کردوە لەنیوان خۆیاندا، لەهەر یەک لە زۆنەکانیان نمونە شەری ناوخۆ کوشتن و پەکخستنی سەرجەم دادگاکانی هەریمی کوردستان لەشارو شارۆچکەکاندا، کەمیژووی دەسەلاتیان لە ئیدارەی هاولاتیانی کوردی هەریمی کوردستانی عیراق زیاتر لە ٣٤ سالە، واتە دەسەلاتی دیکتاتوریان بە بەراوورد بە ٣٢ سالەی صدام حسین دیکتاتۆر ریژەی نەگوری تیپەراندوە، وە تاکوو ئیستاش بەردەوامن لەدەسەلات. تۆمەتبارن بەزیندانی کردنی تاکی سیاسی کورد وە بەرفاند و کوشتن و زیندە بەچالکردنی مرۆڤی کورد لەهەریمی کوردستانی عیراق لەسالانی دوای ١٩٩١ تاوەک و ئەمرۆ .

ئەو دوو حزبە لەرۆژگاری ئیستایی هەریمی کوردستان هەرچی داهاتی نیشتیمانیە لەژیر دەسەلاتی حزبەکانیان دایە لەئیستادا بوونەتە دوو دەولەمەنترین حزبی هەریمی کوردستانی عیراق بەگەندەلیەکانیان کەئەنجامی دەدەن، وە ئیدارەی سەربەخۆی خۆیان وەر گرتوە لەعیراق لە سالی ٢٠١٤ وە تا ئەمرۆ رۆژ بەرۆژ ژیانی هاولاتیانی هەریمی کوردستانیان سەختر کردوە بەدەسەلاتی تاک لایەنی حزبەکانیان و چەوسانەوەی هاولاتیانی کورد لەهەریمی کوردستان و پی نەدانی مووچەی هاولاتیان لەکاتی خۆی وە لەکۆی تیکرای سالانە چەند مانگیکی هاولاتیان نادەن بەبریاری سەرۆکی حزبەکەیان وە دەرکردن و دور خستنەوەی کەسانی غیر حزبی لە ئەرک و وەزیفی حکومی بەسزادان و هەژمار نەکردنی تیکرای خزمەتی وەزیفی وە دامەزراندنی کەسانی سەربە حزبەکانیان لەجیگایی ئەو کەسە لە هەر یەک لە زۆنی زەرد و سەوز واتە دەسەلاتی (یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) ، ئەو دوو ناوەی ئەو حزبانە ئەو مانایە بەجی ناگەینیت ئەگەر شیکاری بکەین بۆ هەر یەک لەناوەکانیان وەک خۆی کەچی دەگوزریت دەبیتە ( یەکیتی دیکتاتۆری کورستان و پارتی نا دیموکراتی و دیکتاتۆری کوردستان) .

Dictato دیکتاتۆر چیە ؟

دیکتاتۆر جۆریک لەدەسەلاتداریەکە چەندین تایبەت مەندی هەیە!


یەکەم :– هیچ قانونیک لەکارا نییە بۆ بەربەست کردنی مافەکانی هاولاتیان.

دووەم :– سەرکردەیەک یان هۆزیکە بنەمالەیک دەسەلات کۆنترۆل دەکات حوکمی ناداپەروەری دەسەپینیت و بریار دەدات بۆ یە هاولاتیانی پۆل پۆل نیشتیمان بە جیَ دەهیلیت.

نووسینی:
ریبوار یاسین فتاح

# سەبارەت بە مانگرتن.

نووسینی: توانا حەمە نوری



لە ساڵی ١٨٩٩ لینین بابەتێکی لەسەر مانگرتن نووسی؛ هەرچەندە زیاتر لە سەدەیەک بەسەر ئەو نووسینە تێپەڕیوە بەڵام تا ئێستاش زیندووە و پەیوەندی بە خەباتی چینایەتی ئەمڕۆوە هەیە. ئەو مانگرتنی نەک وەک ئامرازێک بۆ بەرگریکردن لە بارودۆخی کرێکاران، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ تەحەدای سیستمی سەرمایەداری دەبینی. مانگرتن کرێکاران فێری یەکڕیزی و متمانە بەخۆبوون و هۆشیاری چینایەتی دەکات و ڕێگا بۆ خەباتی گەورەتر خۆش دەکات. شکستی شۆڕشی جیهانی ١٩١٧-١٩٢٣ و دواتر دژە شۆڕش، یادەوەری مێژوویی کرێکارانی لاواز کرد، بەڵام شەپۆلێکی نوێی خەبات، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٦٨ و لەم دواییانەدا لە بەریتانیا ( ٢٠٢٢)، گەڕانەوەی دینامیکی چینایەتییە. ئەمڕۆ لە بەرامبەر قەیرانی سەختی سەرمایەداریدا، خەباتی کرێکاران دەبێ بگاتە ئاستێکی بەرزتر. لینین جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەورەترین دەستکەوتی خەبات خودی خەباتە، چونکە تەنها لەو ڕێگەیەوە هۆشیاری شۆڕشگێڕانە گەشە دەکات و ڕێگا بۆ ڕووخانی بۆرژوازی و دەوڵەتەکەی خۆش دەکات.

لە خوارەوە بەشێک لە بابەتەکە لە ئینگلیزییەوە دەکەمە کوردی و لینکی بابەتەکەش دادەنێم.

بە هەرحاڵ، مانگرتن، کە لە سروشتی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە سەرهەڵدەدات، سەرەتای خەباتی چینی کرێکارە دژی سیستمی سەرمایەداری. کاتێک کرێکارانی بێ موڵک و ماڵ بە تاکەکەسی ڕووبەڕووی سەرمایەدارە دەوڵەمەندەکان دەبنەوە ئەمە نیشانەی ژێردەستەیی تەواوەتی کرێکارانە. بەڵام کاتێک کرێکاران یەکدەگرن، شتەکان دەگۆڕدرێن. سەروەت و سامان هیچ سوودێکی بۆ سەرمایەدار نییە ئەگەر نەتوانێت کرێکارێک بدۆزێتەوە کە ئامادەبێت هێزی کاری خۆی لەسەر ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە هی خۆیەتی خەرج بکەن و سامانی نوێ بەرهەم بهێنن. تا کرێکاران ناچاربن بە تاک مامەڵە لەگەڵ سەرمایەدارەکاندا بکەن، ئەوان وەک کۆیلەی ڕاستەقینە دەمێننەوە کە دەبێت بەردەوام لە پێناو بەرژەوەندی کەسانی دیکەدا کار بکەن بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن. گۆرانییەکی کرێکارانی ئەڵمانی سەبارەت بە چینی کرێکار دەڵێت: "ئەگەر قۆڵی بەهێزت بیەوێت، هەموو چەرخەکان دەوەستێن". لە دونیای واقیعیشدا هەمان شتە؛ کارگەکان، کێڵگەکان، ئامێرەکان، هێڵی ئاسنین و هتد هەموویان وەک چەرخی ئامێرێکی زەبەلاح وان - ئامێرێک کە کەرەستەی جۆراوجۆر دەربهێنێت و دەیخاتە بواری بەرهەمهێنانەوە و پرۆسێسیان دەکات و دەیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست. تەواوی ئامێرەکە لەلایەن کرێکارەوە لێدەخوڕێت. جگە لەوەش مانگرتن چاو و گوێی کرێکاران نەک هەر بەڕووی سروشتی سەرمایەدارەکان، بەڵکو بەڕووی سروشتی حکومەت و یاساکانیشدا دەکاتەوە. هەروەک چۆن خاوەن کارگەکان هەوڵدەدەن نمایشی خێرخوازی بکەن، بەرپرسانی حکومەت و خزمەتکارەکانیان هەوڵدەدەن کرێکاران دڵنیا بکەنەوە کە تزار و حکومەتی تزاری، بەپێی یاسا، بە یەکسانی گرنگی بە خاوەنکار و کرێکار دەدەن. ئەو کرێکارە هیچ لەبارەی یاساکانەوە نازانێت، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتدا نییە، بەتایبەتی ئەوانەی لە پۆستە باڵاکاندان؛ لە ئەنجامدا زۆرجار باوەڕ بە هەموو ئەم شتانە دەکات. کاتێک مانگرتنیش ڕوودەدات داواکاری گشتی و پشکنەری کارگە و پۆلیس و زۆرجاریش هێزە ئەمنییەکان لە کارگەکەدا دەردەکەون. قەناعەت بە کرێکاران دەکەن کە ئەوە ئەوانن یاسایان شکاندووە: خاوەنکارەکان بە شێوەیەکی یاسایی ڕێگەیان پێدراوە کۆببنەوە و بە ئاشکرا باس لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی کرێی کرێکاران بکەن، بەڵام ئەگەر کرێکاران بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش، ئەوا بە تاوانبار هەژمار دەکرێن. کاتێک هەموو کرێکارە هۆشیارەکان دەبنە سۆشیالیست، واتە کاتێک هەوڵ دەدەن بۆ ڕزگاری و یەکگرتن لە سەرانسەری وڵاتدا بە مەبەستی بانگەشەکردن و بڵاوکردنەوەی سۆشیالیزم لە نێو کرێکاران و فێرکردنی هەموو ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان، کاتێک حیزبێکی کرێکاری سۆشیالیستی بنیات دەنێن بۆ بەرەو پێشبردنی خەبات بۆ ڕزگارکردنی تەواوی گەل لە چەوساندنەوەی دەوڵەت و ڕزگارکردنی هەموو کرێکاران لە چەوساندنەوەی سەرمایە، دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوەی گەورەی کرێکاری، کە لە کرێکارانی هەموو وڵاتان پێکهاتووە؛ بزووتنەوەیەک کە هەموو کرێکاران لە ژێر ئاڵایەکدا یەکدەخات کە لەسەری نووسراوە: کرێکارانی جیهان، یەکبگرن!

پرسی ڕۆژگۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com



# پرسی ڕۆژ

## دەربارەی ڕۆڵی ئەدەب و هونەر لە پەیوەند بە جینۆسایدی هەڵەبجەدا

بەڕێز ڕێبوار شەریف وەڵامی داوەتەوە

**پرسی ڕۆژ: هەڵەبجە وهونەر وئەدەب.**

**بەڕێز (ڕێبوار شەریف) شاعیر وهونەرمەند، لەسەر پرسی هونەر وئەدەب بۆرووداوی هەڵەبجە وەڵامی داینەوە.**

**پرسی ڕۆژ: پرسی جینۆسایدی هەڵەبجە لەناو ئەدەب وهونەردا چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟ئایا بەئەندازە وئاستی تاوانەکە توانراوە وەڵامبدرێتەوە؟**

**ڕێبوار شەریف:** سەرەتا سوپاستان دەکەم،



وە سوپاس بۆ ماندوبوونتان و ئەرکی مرۆیتان کە وەک (بۆ پێشەوە) هەمیشە ئێوەی مرۆڤدۆست لە پێشەنگدابوون بۆ ڕوماڵی ڕاستییەکان، وبە هانا و بەدەنگەوەچوون. وە درککردنێکی بە پەلەو لەخەمی گرفتە ئاڵۆزو ڕووداوەکاندان، کە دەستەو تاقمێکی مافیایی تا بیناقاقا کە دەستی ناوەتە بینی کۆمەڵگەوە.
ئەمەش جێگەی دەستخۆشی کە نووسەر و هونەرمەندەکان بتوانن کە بە ئازادی و بێسانسۆر دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە دژ بەم هەموو ناداد پەروەریە کە بوونیان جێگای ڕەخنەی توندە. زۆر جار ئەم نادادی و زوڵمە وادەکات کە مرۆڤ یەک تۆز شەرمی تێدا مابێت، دەبێت شەرم لە مرۆڤ بوونی خۆی بکات و بێدەنگی هەڵبژێرێت، بێتە دەنگ و بنوسێت دژ بەکارە نایاسایی و قۆرخکردن و دەست بۆ سەر سفرەی خەڵک و کەرامەتی تاک، کە ڕۆژانە دەیبینین و دەبیستین.

بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکانتان وەک پرسی ڕۆژ؛ دەمەوێت هەمیشە ئەم هەڵە وشەییە ڕاستبکەمەوە لە وەڵاممدا کە بڵێم : (هەڵەبجە) ڕووداو نییە، بەڵکە تاوانە، تاوانێکی بە ئەنقەست و گەلەکۆمەکێیەکی نێو دەوڵەتی و کۆمەڵێک بە ناو کەخەباتگێڕو نیشتمان پەروەربوون پێشڕەویان کرد بۆ تاوانێک کە هەرگیز بیر نەچێتەوە لە مێژوودا.

بەڕێزتان دەپرسن ئایا ڕەوتی هونەر لە هەڵەبجەدا لە چ حاڵێکدەیە؟
هەڵەبجە لەساڵانێکدا و لە مێژووی ئەو شارەدا، هەمیشە لانکی شۆڕش و ئەدەب بووە، نوێگەرو نوێخوازی و یەکسانی و بێ جیاوازی ڕەگەز، سەرهەڵدانی بیرخوازان و دژی نادادیو پێشێلکرنی مافی ئافرەت کارێکی قیزەون و بە دواکەوتوو لە قەڵەم دراوە، گەر کەسانێک هەبن خانمانی بچەوسێننەوە یا بۆ بەرژوەندی خۆیان بەکاریبهێنن، ئەوەی گرنگە بڵێم: کە زۆرترین خوێنەوارو هەڵکەوتوترین و زیرەکترین خانمان بوون لە زانکۆ و نمرە پلەی بەرزدا .
هونەر لەو شارەدا هەردەم لە پێشبڕکێدا بووە چ وەک شیعر، چیرۆک، و شانۆ و شانۆگەرییەکان .
چ ، شیعری نوێخوازی / حر / ئازاد، بە شانۆیی کلاسیکەکان– وە تا واقعی / برخت و تا شانۆی ئەمونگەری / التجریبی یەکیانیشەوە.
کەواتە پەرەدانی بواری ئەدەبی وەک خواردنی مێشک بووە نەک کاڵای ڕۆژ .
بەڵام، لە دوای ساڵەکانی هەشتاو هەشتەوە، دیمگرافی شارو تێکەڵاوی کۆمەڵە زۆرەملێکان بۆ ناو شارو وێرانکاری دەربەدەر کردنی هەزاران کەسی نووسەری بەتوانا، توانەوە بە سەر دەرەوەی هەڵەبجەدا. لە گەڵ ئەوەی کە تا ئێستاش گرنگی بەو شارە نادرێت نە وەک خزمەتگوزاری نە هاندانی ئەوانەی کە لەوێ ماونەتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو شارە لە ژێر دەستی کۆمەڵێک نەفام و چەندین جۆر مەزهەبی دەرەکیدا یاری بە ئەقڵی خەڵک دەکەن، ئەمە وایکردوە کە بگاتە ئەو ئاستە کە پەیمانگای هونەری بەشی مۆزیک و شانۆ دابنرێت کە بڵێن کارێکی حەرامە .

بۆ وەڵامی دووەمتان.
ئێوە دەپرسن کە ئایا ئاستی هونەر و نووسەر و توانیوەتی لە ئاست ئەو تاوانەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت؟
وەڵامم ئەوەیە /هەڵەبجە تاوانێکی واقیعی و بە دیکۆمێنتاریە و هەزار گرتە ڤیدۆیی بڕگە فیلمی گیراوی لە سەرە، لەبەر ئەوە بە بڕوای من هیچ سیناریونووسێک و هیچ دەر هێنەرێک ناتوانێت ئەم تاوانە وەک چیرۆک بنووسێتەوە، چونکە گرتەکانی خۆیان هەزاران چیرۆکە درامین و بەحسێکی قوڵ و سایکۆیین، وە زۆرن کە وەک بازرگانکارێک، گۆرانی دەچڕن و کۆڕو یادی ساڵ لە سەر حسابی شەهیدانی و بریندارەکان بە سمیناری درۆو دەلەسە، هەقیقەتی ئەو مێژووە هیندەی تر بە قوڕدا دەبەن، و نیازی بۆگەنیان هەر ئەوەیە کە هەڵەبجە بچوکبکەنەوە! چونکە دەستەو تاقمی جەلادەکان تێیدا بەشداربوون.
بە کورتی وکرمانجی؛ هونەر ئاستی نزمە و کەس گرنگی پێنادات!
تەنیا کۆمەڵێک دڵسۆزی ئەو شارە ،کە ئەوانیش کەمینەن و ڕۆژانە لە جەنگێکدان کە ئەو شارە هێندەی تر لە دەریای خنکاندا غەرق نەبێت.

# "پرۆسەی ئاشتی" لە تورکیا و کێشەی کورد

## عەبدوڵا مەحمود

"دوای زنجیرەیەک کۆبونەوەو لێدوانی نێوان بەرپرسانی تورکیا و دەم پارتی، سەرئەنجام عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە، لە بەرواری ٢٧ شوبات، پەیامی چەک دانان و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەی راگەیاند دەوڵەتی تورکیاو پەکەکەش پێشوازیان لەو پەیامە کرد. بەڵام ئەوەی تا چەندە ئەم پرۆسەیە بە ئاکام دەگات، نارۆشنە، بەتایبەتی دەوڵەتی تورکیا زۆتر بەدوای ئامانجەکانی خۆیەوەیەتی تا پابەندبوون بە هیچ ڕێکەوتنێک و دانی هیچ ئیمتیازێکی بەرجەستە بەلایەنی بەرامبەر.

دیارە پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان لە زیندان و لەدۆخی گۆشەگیرییەوە، ناتوانرێت وەکو پەیامێکی ئازاد و سەربەخۆ و ئیرادەیەکی ئازاد لێی بڕوانرێت... کەسی زیندانی و گۆشەگیرکراو ناکرێت گوشار لەسەر لێدوان پەیامەکانی نەبێت... هەر ئەوەش هۆکارێکە بۆ هێشتنەوەی ئۆجەلان لە زینداندا، بۆ چارەکە سەدەیەک.

لێدوانی ئۆجەلان بۆ چەک دانانی پەکەکەو هەڵوەشاندنەوەی... لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە وەکو ڕاگرتنی تیرۆر و کۆتاییهێنان بە تیرۆر وێنادەکرێت و بۆ پەکەکەو هێڵی ئۆجەلانیش لە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورددا، بۆ گۆڕانی سەردەم و گوێزانەوەی خەبات بۆ مەیدانی سیاسی و یاسایی و دیموکراسی! دەخوێندرێتەوە.

دیارە شێوازی چەکداری لە جوڵانەوەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورددا، دەمێکە بە بنبەست گەیشتووەو ڕێگایەک نییە بۆ گۆرانی هاوسەنگی و گوشار دروستکردن لەسەر دەوڵەتە ناوەندییەکان. بۆیە دەستبەرداربوونی چەک و چەک دانانی پەکەکە، نەک هیچ زیانێک بە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و پەکەکە ناگەیەنێت، بەڵکو بەکردەوە لەژێر زەبری قوربانیدان و زەربەخواردن دەیپارێزێت و بە سودی بزوتنەوەی جوڵانەوەی نەتەوەپەرستی کوردە و هاوکات بەسودی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و جوڵانەوە رادیکال و شاری و پیشکەوتنخوازەکانە.

تا ئەو جێگایەش بە هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە دەگەڕێتەوە، ڕێگەگرتن لەوەی پەکەکە لە مەیدانی سیاسی و یاسایی و دیموکراسیدا!! هەڵسوڕان بکات، پێچەوانەوەی بانگەشەکانی دەوڵەتی تورکیا و پێچەوانەی ویستی ئۆجەلانیشە بۆ رەخساندنی زەمینەی سیاسی و یاسایی.

دەوڵەتی تورکیا، لە گۆشەنیگای کۆتاییهێنان بە پەکەکە، دەیەوێت پرسی نەتەوایەتی لە تورکیادا، کۆتایی پێ بهێنێت، لە کاتێکدا کۆتاییهێنان بەپەکەکەو هەر هێزێکی تر کە بەبۆنەی پرسی کوردەوە لە گۆرەپانەکەدا هەیە، بە کۆتاییهێنان بەزولمی نەتەوەیی و ستەم لەسەر خەڵکی کوردستان کۆتایی پێدێت.

دەوڵەتی تورکیا، لەدوای لاوازبوونی "بەرەی بەرگری" و رۆڵی ئێران لە ئاستی ناوچەکەو روخاندنی دەسەڵاتی ئەسەددا، دەیەوێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و جێگای ئێران لە ئاستی ناوچەکەدا بگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەکەوە دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر دەوڵەتی سوریای دوای ئەسەد بسەپێنێت و لەو ڕێگایەوە کۆتایی بەدەسەڵاتی هەسەدە و هێزەکانی لە رۆژئاو بهێنێت و پرسی کورد خامۆش بکاتەوە، کە بەشێوەیەکی بەرجەستە هاتۆتەوە ئارا. لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت بە کۆتاییهێنان بە پەکەکەو هەڵوەشاندنەوەی پرسی کورد لە توکیادا کۆتایی پێ بهێنێت.

بۆ دەوڵەتی تورکیا، کۆتاییهێنان بە پەکەکە کۆتاییهێنانە بەو هێڵەی ئۆجەلان لە جوڵانەوەی ناسیونالیستی کورد لە ناوچەکەدا... هێڵی سیاسی ئۆجەلان و پەکەکە لە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورددا، ئامادەیەکی ناوچەیی هەیە، بە جیا لەتورکیا، لە عێراق و ئێران و سوریادا حزبی هاوشێوو هاوخەتی خۆی هەیە... هەژموونی سیاسی ئۆجەلانیش بەسەر هەموو ئەو هێزانەدا زاڵ و تەنانەت بڕیاردەرە. جیا لەوانە پەکەکە و هێڵی ئۆجەلان، کێبەرکیی سەرەکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەکەن، لە پێناو هەژموونی بەسەر بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. کێبەرکێی و ململانێی بەردەوامی پارتی و پەکەکە لە بنەرەتدا دەگەڕێتەوە بۆ شەری دەسەڵات و هەژموونی بەسەر بزوتنەوەی ناسیونالیستی لە "کوردستانی گەورە" و هەر چوار بەشی کوردستاندا.

بۆیە ئەگەر بڕیاری چەک دانانی پەکەکە ئاکامی بن بەستی شیوە خەباتی چەکداری و پارتیزانی و بەسودی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و هەموو بزوتنەوەیەکی پیشکەوتنخوازانەیە، بەڵام بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بە وێنەی هێزێکی سیاسی، گورزێکی گەورەیە لە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لەناوچەکەو هەر چوار بەشی کوردستاندا. دەوڵەتی تورکیا ناتوانێت و ڕێگەی هەڵسوڕانی ئازادانەی سیاسی و یاسایی بە هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی لە چوارچێوەی بەرگری لە هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی نادات، ئەمە کیشەی سەرەکی دەوڵەتی تورکیا و سەرچاوەی پشیوی سیاسی ناوخۆی تورکیا و لە داهاتوشدا ئەو پشێوییە سیاسییە زیاتر دەکات.

هەر ئیستا کە باسی چەکدانانی پەکەکەو خۆهەڵوەشاندنەوەی هەیە، دەم پارتی لەناوخۆ تورکیادا و ئەندام پەرلەمانە کوردەکان و سەرۆکی شارەوانییەکان، بەبەردەوامی لەبەردەم هەرەشەو لادان و دورخستنەوەو دۆسیە بۆدروستکردن و زیندانی کردندان... وە بەدەیان هەزار ئینسان بە هۆکاری سیاسی لە زیندانەکانی توندکراون... بەشی زۆری ناوچە کوردنشینەکان، پەراوێز و میلیتاریزە کراون، بەڵام نەک ئاسۆیەک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی لە تورکیادا نییە، بەڵکو ئامادەنین بەشی ناسیونالیزمی کورد، لەدەسەڵاتدا بە فەرمی بناسن و بەشداریان پێ بکەن.

جەنگ و ململانێی نێوان بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد دەوڵەتی تورکیا و ناسیونالیزمەکەی، لەسەر دەسەڵات و بەشی ئەو دەسەڵاتەیە، نەک لەسەر چارەسەری پرسی کورد و کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوایەتی بەسەر خەڵکی کورد زماندا. تەنانەت نە لەپەیامەکەی ئۆجەلان و نە لە زمانی بەرپرسانی تورکیادا باسێک لە بوونی زوڵمی نەتەوایەتی و کۆتاییهێنان بەو مەسەلەیە لە ئارادا نییە...

ئەوەی کە تازەیە لە دەولەتی تورکیادا، حاشاکردن لە بوونی کورد کۆتایی هاتووەو دان بەبوونی کورددا دەنێن، بەڵام هێشتا ئامادەنین دان بەبوونی ستەم و بیمافی خەڵکی کورد زمان لە تورکیادا بنێن. خودی دان نان بە بوونی کورددا، بەبێ داننان بە بوونی ستەمی نەتەوایەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا، کیشەی خەڵکی کوردستان بەهیزی خۆیەوە دەهێڵێتەوە. تەنانەت بەشداری پیکردنی ناسیونالیزمی کورد لە دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیادا، ناتوانێت وەڵام بە کیشەی خەڵکی کوردستان بێت... هەڵاواردن و قڵشتی سیاسی لەسەر بنەمای قەومی لە بنەرەتدا دەرهاویشتەی سیاسەتی قەومپەرستانەی توکیایەو ناسیونالیزمی کوردیش دنەدەر و پەرەپێدەری ئەو قڵشت و درزەیە لە پێناو بەشداربوونی لە دەسەڵاتی سیاسی و چنگگیربوون لە داهات و بەرگری لە چینی بۆرژوازی کورد. ناسیونالیزمی کورد و لەوانەش پەکەکەو خەتی سیاسی و دنیا بینی ئۆجەلان، لە پێناو بەرگری کردن و نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندی بۆرژوازی کوردە. بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بەخۆ بەستنەوە بە بزوتنەوەو ستەمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانەو و زاڵکردنی هەژموونی خۆیان بەسەریدا، لەپێناو بەشدارییە لە دەسەڵاتدا... ئەم ئەزموونە لە عێراقدا زیاتر لە ٣ دەهەیە ئامادەیی هەیە... زیاتر لە ٣ دەهەیەیە ناسیونالیزمی کورد لە دەسەڵاتی مەرکەزی عێراقدا ئامادەیی هەیە، بێ ئەوەی کیشەی کورد وەڵامی وەرگرتبێتەوە.

بەشداری ناسیونالیزمی کورد لە دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیادا، بەهیچ جۆرێک وەڵام بە چارەسەری کیشەی کورد نییە، بەڵکو ڕیگری کردن لە چارەسەرەکەیەتی. ناسیونالیزمی کورد لەهیچ برگەیەکدا نەبۆتە بەشیک لە بزوتنەوەی نارەزایەتی شاری و پشتیوانی لە بزوتنەوە رادیکال و شۆرشگێرە جەماوەرییەکان لە ئاستی سەراسەریدا. لە وڵاتێکی وەکو تورکیادا، کە لێوان لێوە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە پێناو ماف و داخوازییەکانیاندا، بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد نەک بەشداری لەو جموجۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە نەکردووە، تەنانەت ئامادەنەبووە پشتیوانی خۆیشی بۆ رابگەیەنێت.

چارەسەری کیشەی کورد چ لە تورکیاو چ لە بەشەکانی تری کوردستاندا، بەجیا لە شۆرشی سۆشیالیستی و کرێکارییی، لە گرەوی گۆرانی دەسەڵاتی ناوەندی بەدەسەڵاتێکی مەدەنی ناقەومی گرێی خواردووە کە هاوڵاتیان لەبەرامبەر بە یاسادا یەکسان بن، یانیش لە ئاڵوگۆرەکاندا هاوسەنگی هیز دەسەڵاتیان لاواز و گۆشەگیر بکات و وەکو ئەمری واقع ئەم کیشەیە بخەوێنرێت. تا دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتانەدا لەسەر بنەمای قەومی و دینی و مەزهەبی بێت، باسی مافی یەکسانی هاوڵاتیان وەهمە. هیچ هیزێکی ناسیونالیستیش ناتوانێت هەڵگری ڕێگا چارەیەکی کارسازو شۆرشگێرانەو پیشکەوتخوازانە بێت بۆ چارەسەری پرسی کورد، ڕیگەدان بە بە هیزی سیاسی بەوەی هەلسورانی سیاسی و یاسایی بکات لە تورکیادا، بەمانای کۆتاییهێنان بە پرسی کورد نییە و چارەسەری ئەم پرسە ئەرکی چینی کریکار و هیزی مۆدێرن و پێشکەوتنخوازە.

************

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێڕان، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات..

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕێبوار حەمە شەریف



# دەمەتەقێی نێوان هونەرمەندان ڕێبوار حەمە شەریف و کاوان قادر



**ڕێبوار حەمە شەریف: ماوەیەکە سۆشیال میدیای ئەم نیشتیمانە هەڕاج کراوە بە بیریان هاتۆتەوە کە هەندێک کەسایەتی هونەرمەند وشاعیری نەتەوەیی هەن وبەسەریان بکەنەوە خەڵاتیان بکەن، ئایا ئەم نرخ پێدان وبەسەرکردنەوەیە چی ئەگەیەنێت لای تۆ ؟**

**کاوان قادر:** بەڕای من ئامانج لەوەی کە ئەمڕۆ دەگوزەرێت نرخ پێدانی هونەرمەندان وئەدیبان نی یە، بەڵکو یەکلاکردنەوەی نفوزی کوتلەبازی و سیاسی خۆیانە بەرامبەر بەیەکتری، لەلایەکی دیکە ڕزگارکردنی خۆیانە لەو ئەزمە و قەیرانە قوڵەی بەسەر بەسەریاندا هاتوە. هەربۆیە ئەمجارە ئیشیان بە قەلەم بەدەست وهونەرمەندەکان هەیە و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و سۆشیال میدیاکانیان ڕاکە ڕاکیانە لە ئیمتیاز بەخشینەوەو فووکردن بە هەگبەی هونەرمەندان وئەدیبەکاندا و خەریکی تحوفیات بەخشینەوەن. تا لەوڕێگەیەوە عومری نەگریسی خۆیان درێژ بکەنەوە و ئەو هەستی نەتەوەیی ونیشتیمانیەش کە لە شادەماری ئەم جوڵانەوەیەدا دەگەڕێت و خەریکە دەگەنێت ڕزگار بکەن، هەرکەس خەڵاتی ئەمانە قبوڵ ئەکات واژووی کۆیلەتی خۆی دەکات نەک ڕێزلێنان. ئەوانەش کەلە پێناو ئەمانەدا سەرو ماڵیان تیاچوو… ڕۆیشتن ئیترئەوانە بوون بەڕابردوو منەت و کارێکیان پێیان نەماوە، بەڵام ڕەنگە ئەوانەی لە ژیاندا ماون لەو پاشا گەردانی یە فریایان بکەون و ڕزگاریان بکەن.هەربۆیە خەڵاتیان دەکەن…

**ڕێبوار حەمە شەریف: ئایا بەلای تۆوە شیعری نیشتیمان پەروەری واتە بەرگری لە نیشتیمان چی دەورێکی هەبووە لە هێزبەخشین بەو بزوتنەوە کوردایەتییەی ئەمڕۆ کەلێنێکیان دروستکردوە لە نێوان حەقیقەت و واقیعیەتی کۆمەڵگەدا، ڕوونتر بپرسم ئایا خەڵکی ستەم لێکراو هیچ سودمەند بوون لەو شیعرە بەرگریانەی لەو دەورەیەدا کورەی شۆڕشیان پێ گەرم کردبوو؟**

**کاوان قادر:** بەبۆچوونی من شیعری نیشتیمان پەروەری خۆی دەهۆڵێکی پڕوپاگەندە بووە بۆ گەرمکردنی بازاڕی ئەو بزوتنەوەیەی بە ناوی کوردایەتی یەوە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات. شیعری بەرگری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئامانجدارانە وەک داوێکی فیکری ئیشی لەسەر فەرهەنگ وکلتوری کۆمەڵگە کردوە بەمەبەستی هەوێنکردنی خەونی ئازادی نیشتیمانی لەوێوە بتوانن بەهۆی سۆزی نەتەوایەتییەوە پلەو پایەیەک بۆخۆیان بەدەستبێنن، سەرەنجام ڕۆڵی هونەرمەندو شاعیرەکان لەکوتانی ئەم دەهۆڵە بۆ زەماوەندی کوڕانی ئاغا بە ئەرکێکی نیشتیمان پەروەری ئەژمارد دەکرا، سەرەنجام سرود وشیعرەکانیان ئەرکی بەدەسەڵات گەیاندنی نوخبەیەکەی کەمی ڕەنجبەرو سەرمایەداری کۆمەڵگە بوو، هەرکات لە شکست وداماویدا بوبێتن، هەرکات پێویستیان بە فریواندنی خەڵکی بووبێت، هەرکات لەسەر بەرژەوەندی و بەشەکانیان ڕێک نەکەوتن ئەو دەهۆڵە قەومییەت بەرگوێ دەکەوێت. بەڵێ لەڕاستیدا شیعری بەرگری کورەی شۆڕشیان گەرم کرد، بەڵام ئەو کورەیە تەنها ڕۆڵەی هەژاری ئەم میللەتەی تیا گڕدا.

ڕێبوار حەمە شەریف: ئەی کەواتە تۆ گەیشتویتە ئەو ئەنجامەی ئەوانەی ڕاستگۆیانە ژیانیان بۆ بەرگری تەرخان کرد لە کوێی کۆمەڵگەدا لەنگەریان گرتوە، ئایا تا ئێستا ئەم ڕێبازە بەردەوامە لە ناو شاعیرەکانماندا ؟

کاوان قادر: پرسیارەکەتان بە ناچاری ڕاکێشمان ئەکات بەرەو جەدەلێکی قوڵتر لەوەی لە چەند دێڕێکدا جێێ بێتەوە، ڕاستی یەکەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی قەرزاری ئەو شاعیرو قەڵەم بەدەستانەیە کە ناوی خۆیان ناوە شاعیری بەرگری – مقاوەمە، ئاخر فووی بڵیندگۆی نەتەوەچێتی ئەوان بوو کەهەزاران گەنجی کرد بەقوڕگی ئاگرەکەدا، شیعرو نەعرەتەکانی ئەوان بوو زەخیرەیان بۆ شەڕی نیشتیمان پەروەری دەنارده شاخ و کونجی زیندان و ژووری ئیعدامەکان، کە ئێستا حزبەکان شانازی بە و ژمارە زۆرەوە دەکەن، بە پێچەوانەی هەر حزبێکی پێشکەوتوو کە ئامانجیان کەمترین قوربانی و زیادترین دەستکەوتە، ئەوان قەڵەم بەدەستەکانی دەورەی ئیستیبدادی بوون کارەکەیان تا ئێرە بوو، پێیان وایە چەوساندنەوە نەماوە وەزیفەکەیان لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی بۆرژوازی میللی کۆتایی دێت، چەوساننەوەی نەتەوەیی بە بەشێک و هۆکارێک لە چەوساننەوەی چینایەتی نابینن، ئەوەی کە ڕەش پێستەکان لەلایەن بەریتانی یەکانەوە بەباوەشێک کتێبی ئاینی یەوە چووبوون داگیریان کردبوون پێیان دەووتن، ئێوە خوا ڕەنگی ڕەش کردوون بۆئەوەی خزمەتی سپی پێستەکان بکەن، چەوساننەوەی ڕەنگ، ئاینی، نەتەوەیی و جنسی یەک ڕەگ وڕیشەیان هەیە. شتێک نییە بەناوی بۆرژوازی نەتەوەیی وپێشکەوتووخواز، لەمێژووی چەوساندنەوەی نەتەوەیی کوردا هیچکات هێندەی وەک ئەمڕۆ ئینسانی کورد سوک بێ ئیرادە نەکراوە. هیچ حوکمڕانییەکیش نەیتوانیوە بیکات، بەمەرجێ هاوزمان و هاونەتەوەی خۆی حوکمی دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەوانەی ئەمڕۆیان دروست کرد لەکوێ لەنگەریان گرتوە بەڕای من بەشێکن لەو تاوانە، بەدڵنیاییەوە ئەو شاعیرو قەڵەم بەدەستانەی بوونە موستەشاری حزبەکان یان ئەوانەی ئەمڕۆ توحوفیاتی خەڵاتیان پێ دەدرێت وەک مۆکێتێک و لەشکرێکی خەوتوو هەرکاتێک بیانەوێت دەیانکەن بە قەڵغانی پاراستی دەسەڵاتەکەیان .



# کورتە چیرۆك

## نووسینی: ئارام حەسەن

دوو چڵ داری خستە نێو زۆپاکە، مشتێک کەڕەگەڵای کرد بە بەرگڕ، بەر لەوەی ئاگریان پێوەبنێت، گوێی لە لوورەی گورگە ڕەشەکە بوو، بە پەلەپەل بەرەو سەربانی گەوڕەکە ڕایکرد.

یەکێک لەو چڵانە ڕانی چنارێک بوو، ئەوی دیکەش باسکی دارەبەنێک، چنارەکە زۆر دەترسا، پچڕ پچڕ لە دارەبەنەکەی پرسیی:

ـ "ئێرە کوێیە، ئەو کابرایە بۆچی لێرە داینایین؟"

ـ "نازانم کوێیە، بەڵام شوێنێکی ساردوسڕ و تاریک و ترسناکە"


کەڕەگەڵایەکی پۆرتکاو، کە ساڵانێک لەسەر مەچەکی داربەڕووێکی دنیادیدە ژیابوو، لە بەرگڕەکەوە سەری دەرهێنا، وەڵامی هەردووکیانی دایەوە:

ـ ئێرە دۆزەخی دارزادەکانە، کابرا سەرمایەتی هاکا گەڕایەوە، بۆئەوەی بە تینی ئێوە خۆی گەرم بکاتەوە، سەرەتا ئاگر بە ئێمەوە دەنێت و کەمێکی تر..

زریکە و هاواری بە کۆمەڵمان دەبێت بە دووکەڵی شین و گۆشتیشمان بە خۆڵەمێش.

*کەڕەگەڵا: وشکەگەڵا، ساڵێک بەسەر هەڵوەرینیدا تێپەڕێبێت.

*پۆرتکاو: ڕزیو، درزبردوو.



# هەموو ژیانیان گران کرد!

نرخی نان و
هەنیسکی ئەشکی باران و
هەناسەی با و
تینی غەمزەی چاوی هەتاو..
پێدەچێت گەر وەها بڕوات،
بەم زووانە..
ئەو پەڕۆ ڕزیوەی بەرمان
کە جەستەی ڕووتی شەرەفمان دادەپۆشێت،
کەس نەتوانێت پارەکەی بات
چ شەرمەساتێ دەگوزەرێت !
هەموو شتێکیان گران کرد،
تەنها شکۆی مرۆڤ نەبێت..
هەوارێکی سەیرە، گوڵم!!

**بەندی علی**



# مەراقی هەمیشەی تەمەنم

بڕیارم دا
هەمو هەنگاوەکان
لەدوی تۆ بسڕمەوە
مەراقی هەمیشەی تەمەنم
خۆر ئاوا بوو
چەند ئەستێرەیەك چاویان داگرت
باخچەکە هێور بووەوە

ڕێبوارەکان ... کەمتر
لەسەر کورسی ژوانەکە ؟
مشتێ گۆرانیم جێ هێشت
ئەگەر هاتی!..

کەناری نێو قەفەزەکە
ملول ئەپچیرکان
سەد ئاوازی تێکەڵ کردبوو
وەك هەنگاوە غەریبەکانی تۆ

نەی ئەزانی چۆن بچریکێنێ
ئەو زەنگی تێلەکەی
گۆرانی غەریب مەڕۆیە
کەی دێیتەوە
شار لەچاوە ڕوانیتدا
لەمەزاری گۆڕ غەریبێك ئەچێ

**سەلام سەعید**



# دیمانە لەگەڵ مەنسوری حکمەت سەبارەت ڕفاندنی ئۆجالان، هۆکار و ئەنجامەکانی...

ڕفاندنی ئۆجالان، هۆکار و ئەنجامەکانی

**سیاوەش مودەڕیسی: وێڕای سوپاسگوزاری بۆ کاتێک کە بە ئێمەت بەخشی، ڕێگا بدەن بەم پرسیارە دەست پێ بکەم: بە بۆچوونی تۆ دەستگیری وە لە ڕاستیدا ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجالان، ڕابەری پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا، بۆچی ڕووبەڕووی کاردانەوەیەکی بەم چەشنە فراوان و ناکۆک بوویەوە لە لایەن خەڵکی کورد و دەوڵەتانی ئەوروپاییەوە؟**

**مەنسور حکمەت:** بەرفراوانیی کاردانەوەی خەڵکی کورد هەرگیز چاوەڕووان نەکراو نەبوو. خێرایی کاری ئەوان بۆ خستنەڕێی جووڵانەوەیەکی سەرتاسەری لەم ئاستەدا هەڵبەت چاوەڕوان کراو بوو. هەر بەو جۆرەی کە وتت ناوبردنی ئەم هەنگاوە بە دەستگیر کردن بێ پاساوە. ئەمە نموونەیەکی زیندووی ئینسان ڕفاندن و تیرۆریزمی دەوڵەتی بوو، وە ڕێک هەر ئەم ڕووە ملهوڕانە و قەهراوییەی مەسەلەکەیە کە تووندیی مەشاعری کوردانی دانیشتووی ئەوروپا ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر ئۆجالان لە کردەوەیەکی سەربازی و ڕوو بە ڕوو لەگەڵ تورکیا دیل بکرایە، بە بڕوای من مەودای کاردانەوەکان هێوڕتر دەبوو. دزینی ئۆجالان بوو بە سیمبۆلێکی زیندوو لە بێ مافیی خەڵکی کورد. ئۆجالان سیاسەتمەدارێکی ناسیۆنالیستی کوردە. ئەمەی کە ئەشێ بە ئاشکرا لەبەر چاوی هەمووانەوە لە پیلانێکا بە بەشداری دەوڵەتانێکی ڕۆژئاوایی ڕابەری حزبێکی سیاسی بدزرێ و ڕادەستی دوژمنێک بکرێتەوە، کە حوکمی ئیعدامی دەرکردووە، هێجگار دڕندانە و ئیستفزازییە. کەسانی چەشنی ئۆجالان، بە ئایدیۆلۆجیای نەوعی ئۆجالان و بە پێگەی هەڵبژاردن و دامێنی لایەنگرانیانەوە کە ڕەنگە سنووردارتریش لە ئۆجالان بن، ئەمڕۆ سەرۆکی دەوڵەتان و شەخسیاتی سیاسی وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەن. تاوانی ئۆجالان ئەمەیە کە کوردە، هاوڵاتی پلە دووهەم و نکوڵی لێکراوی وولاتێکە کە لەوێدا هاتۆتە ژیانەوە و حاڵی حازریش بەخاوەن بوونی وولاتیش بۆ کوردەکان لە بۆرسەدا نییە.

لە پەیوەند بە کاردانەوەی دەوڵەتانی غەربییەوە دڵنیا نیم ئینتیباعێکی یەکسانمان هەبێ. بە ڕای من ەبم جۆرە دەکەوێتەوە، ئێوە ئەڵمانیاتان لەبەر چاو گرتووە کە پێدەچێ خەریکە لەم دەرفەتە کەڵ وەردەگرێ تا دەست و پێی پەناخوازان زیاتر ببەستێ. بەڵام من پێموانییە کە دەوڵەتانی دیکە لەم پێشهاتە خۆشحاڵ بن. ئەوە ڕوونە کاردانەوەی دەستبەجێی ئەمانە ڕاوەستانە لە کەناری ئەمریکادا. بەڵام بێگومانم ئەم هەنگاوەی تورکیا لە پاڵپشتیی چالاکی دەوڵەتانی غەربی بەهرەمەند نابێ.

**سیاوەش مودەڕیسی: ئینسان ڕفاندنی سیاسیانە پێشینەی دوور و درێژی هەیە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانا، لە هەر بارێکدا دەوڵەتانی ئینسان ڕفێن یان تیرۆریزمی دەوڵەتی ئامانجی دیاری کراویان لەبەر چاوە، لە بارەی ئەم ڕفاندنەی ئۆجالانەوە سیاسەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپایی لەگەڵ تورکیا چۆن ڕوون دەکەیتەوە؟**

**مەنسور حکمەت:** تورکیا ئەندامی ناتۆیە. ئەمریکا و غەرب کەڵک لە بنکەکانی وەردەگرن بۆ چاودێری ئاسمانیی عێراق. تورکیا دۆست و هاوپەیمانی دەوڵەتانی غەربییە. بەڵام مەرج نییە ئەندامێکی مەحبوبی کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بێ. بەم پێیە هەم پاڵپشتی لێ دەکەن هەم دووریی خۆیان لەگەڵی دەپارێزن. من تەسەور ناکەم دەوڵەتانی ئەوروپایی لە ژێرەوە بەم ئینسان ڕفاندنە خۆشحاڵ بن. تورکیا و ئەمریکا ئەمانیان خستە بەردەم ئەمری واقع و ئەمانیش جگە لە تەئیید چارەیەکی تریان نییە. بەڵام ئەم هەنگاوە پەیوەندی دەوڵەتانی ئەوروپایی لەگەڵ تورکیا هەستیارتر دەکا، بە تایبەتی ئەگەر ئۆجالان حوکم بدرێ بە ئیعدام.

**سیاوەش مودەڕیسی: سیاسەتی دووفاقیی دەوڵەتی ئەمریکا دەرهەق مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق و تورکیا چۆن ڕوون دەکرێتەوە، وە لە بنچینەدا هاوکاری ئەمریکا بۆ ڕفاندنی ئۆجالان چ کاریگەرییەکی لەسەر نەخشەکاری ئەمریکا دەبێ لە کوردستانی عێراق؟ ئایا هەڵبژاردنێک کە بڕیارە بەم نزیکانە بەڕێوە بچێ لە کوردستانی عێراق و بە ڕەسمی ناسینی حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کورد لە باکووری عێراق لەگەڵ سەرکوتی خەباتی قەومیی لە کوردستانی تورکیا ناکۆک نییە؟**

**مەنسور حکمەت:** ئاشکرایە کە بۆ ئەوان ناکۆک نییە. فاکتەری چارەنووس ساز لەم نێوەدا پەیوەندی ئەمریکایە لەگەڵ دەوڵەتانی عێراق و تورکیا. خاڵی هەڵسانی ئەمریکا مەسەلەی کورد نییە. هەڵبژاردنی کوردستانی عێراق، هەڵبەت ئەگەر سەربگرێ و ببێتە شتێک، ڕەنگدانەوەیەکی بڕیاری ئەمریکایە بۆ ڕاگرتنی گوشار لەسەر ڕژێمی عێراق نەک لوتفی تازە نەفەسی ئەمریکا بەرامبەر مافە مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستان. پاڵپشتی کردن لە سەرکوت لە خوارووی تورکیاش هەم ڕەنگدانەوەی دۆستایەتیی ستراتیژی ئەمریکایە لەگەڵ تورکیا. بە بڕوای من دزینی ئۆجالان خۆی لە خۆیدا هیچ گۆڕانێک لە سیاسەتی ئەمریکا لە کوردستانی عێراق پێش ناهێنێ. هەر وەک ووتم خاڵی هەڵسانی ئەمریکا مەسەلەی کورد یان مافە مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستان نییە. دۆسیێی ئۆجالان، تەنیا بەم ئیعتیبارە ئەشێ بارودۆخ بگۆڕێ، کە هەندێ کاریگەری بەسەر ڕەوەندە سیاسییەکانی نێوان خەڵکی کوردستانی عێراق و تورکیا، وە هەروەها پەناخوازانی کورد دابنێ لە ڕۆژئاوا. هەر گۆڕانێک لە سیاسەتی غەرب و ئەمریکا دەرهەق بە مەسەلەی کورد، تەنیا دەتوانێ لە گوشارێکەوە سەرچاوە بگرێ کە بزووتنەوە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراق و تورکیاوە لەسەر غەرب دایدەنێن. بە بڕوای من ئەم گوشارە تا ئەم ساتەش زۆر کەم بووە. ناسیۆنالیزمی کورد، کە لە فەزای سیاسیی کوردستانی عێراق و تورکیادا باڵادەستە، بزووتنەوەیەکی نەزۆک و چەق بەستووە و هەڵگری هیچ جۆرە پێگە خوازییەکی سیاسی نییە. بیرکردنەوەی زاڵ بەسەر سەرانی ناسیۆنالیزمی کوردا لە بنەڕەتەوە نیوکۆلۆنیالییە. دەیانەوێ وەک بەکرێ گیراو کوردستان بەوێنەی سەرزەمینێک بدرێتە دەستیان نەک کۆمەڵگەیەکی شارستانی یان وولاتێکی بۆ درووست بکەن. ئامادەن ئەم بەکرێ گیراوییەش لەهەر کەسێک وەربگرن کە بتوانێ بیانداتێ. ئەگەر مۆر و ئیمزا بە دەستی سەدام حسەین بێ کۆڕنووش بۆ ئەو لایە دەبەن، ئەگەر بە دەستی ئەمریکا بێ بۆ ئەو لایە. کێشەی مێژوویی خەڵکی کوردستان ئەمەیە کە ئاڵوگۆڕی سیاسی – حزبیی ئەم کۆمەڵگەیە لە ئاڵوگۆڕی مەدەنی – فکریی ئەو دواکەوتووە. خەڵکێکی مۆدێرن، سەردەمی و تێگەییشتوو، دیلی ناسیۆنالیزمێکی عەشیرەیین، کە کلکی دەوڵەتانی ستەمگەری ناوچەکەیە، وە بە سەرکوتی قەهراوی پێشی گرتووە بە گەشە سەندنی سیاسی و هاتنە ئارای پەیکەرەی نوێی خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی. ڕێگاچارە گەشە سەندنی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی کرێکارییە لە کوردستان.

**سیاوەش مودەڕیسی: هات و هاواری تەعدیلی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە مەسەلەی کورد دوای وەشاندنی ئەم گورزە لە پەکەکە بەرزبۆتەوە، تا چ ڕادەیەک دەتوانرێ خۆلادان لەم پرۆسەیە بە نەشیاو هەڵسەنگێنرێ؟**

**مەنسور حکمەت:** نەک تەنیا هەرگیز نابێ بە قابیلی خۆ لێ لادان تەسەور نەکرێ، بەڵکو لە واقعدا دەبی لە هەبوونی زەمینە و سیاقی ماددی بۆ پرۆسەیەکی وا بە گومان بین. کێشەی تورکیا پەکەکە نییە، شۆڤێنیزمی تورکە کە هۆکار و خولقێنەری مەسەلەی کوردە لەم وولاتەیا. لەوانەیە دەوڵەتی تورکیا، بە تایبەتی ئەگەر بتوانێ ئۆجالان ناچار بکا کە بانگەواز بۆ تەسلیم بوونی ڕێکخراوەکەی بدا، خۆی لە پێگەیەکا ببینێتەوە کە جۆرێک لە سیاسەتی سۆزداری لەگەڵ خەڵکی کورد لە پاڵ سەرکوتی پەکەکەیا عەمەلی و خوازراو نیشان بدا. بەڵام ئەمە وەرچەرخانی بنەڕەتی و ستراتیژی نابێ. من ئاماژەیەک لە گۆڕانی چۆنێتیی مامەڵەی دەوڵەتی تورکیا، یان غەرب، یاخود ئەمریکا بە شێوەیەکی تایبەتی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد نابینم.

**سیاوەش مودەڕیسی: لەم ڕۆژانەی دواییدا شایەدی خەباتی خوێناوی و بەربڵاوی شارەکانی کوردستانی ئێران بووین، خەباتێک کە بە جۆرێک کێشراوەتە ڕاگەیاندنی حکومەتی سەربازی. داخوازی و درووشمەکانی ئەم خەباتە جیاواز بوون، هەندێ جار بۆ دیفاع لە ئۆجالان و هەندێ جاریش بە شێوەی ڕاستەوخۆ دژی جمهوری ئیسلامی. بە بۆچوونی تۆ دەستگیر کردنی ئۆجالان تا چ ئاستێک فاکتەری توندبوونەوەی ئەم خەبات و ناڕەزایانە بووە؟ ئایا هاوکاتبوونی ناڕەزایی و خەباتی خەڵکی کورد زمان لە ئەستەنبوڵ و سنە و مهاباد و سلێمانی، وە پێکهاتنی حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کورد لە باکووری عێراق مەودایەکی تازە نادا بە مەسەلەی کورد لە ناوچەکەدا؟**

**مەنسور حکمەت:** هەرگیز دڵتان بە حکومەتی خودموختار خۆش مەکەن لە باکووری عێراق. تەنانەت ئەگەر حکومەتێکی بەم جۆرەش درووست ببێ، هێشتا ڕۆڵی ئامڕازێک دەبینێ لە سنووری گوشاری غەرب بۆ سەر عێراق. حکومەتی خودموختار لە کوردستانی عێراق کاتێک دەبێتە مەقولەیەکی جددی کە چارەنووسی هەقی حاکمییەتی خودی عێراق، ڕوون بوویێتەوە. بە عیبارەتێکی تر تا کاتێک چارەنووسی عێراق مەعلوم نەبێ، خودموختاری کوردستانی عێراقیش هەم دیاردەیەکی تێپەڕ و تاکتیکی دەبێ. ئەگەر باس لەسەر پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆیە لە کوردستانی عێراق و جیابوونەوەی چارەنووسی ئەوە لە پەیوەندی نێوان ڕۆژئاوا و دەوڵەتی سەدام حسەین، بە بڕوای من ئێمە لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕی مێژوویی بەرەوڕوو دەبووین. بەڵام ئاشکرایە کە باسێکی بەم چەشنە لە ئارادا نییە. هەڵبەت ئەمە بەم مانایە نییە کە دەبێ بەرامبەر بە پڕۆژەی حکومەتی خودموختار لە کوردستانی عێراق بە کەمتەرخەمی و ساردییەوە، یاخود بە موخالەفەت کردن هەڵسوکەوت بکرێ. لەوانەیە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق لەم پرۆسەیەدا تەنانەت بەشداری بکا. بەڵام دەبێ مەحدودییەت و خەسڵەتی تێپەڕی ئەو بناسرێ و درووست وەکو ئەوانی دیکە ئەو پرسە وەکو ئامڕازێک تەماشا بکرێ لە پێناو گەییشتن بە ئامانجی گرنگتردا. ناڕەزایی لە پەیوەند بە مەسەلەی ئۆجالانەوە لە ئێستادا هێوربۆتەوە. لە خودی ئێرانا ئەم دۆسێیە بوویە بیانوویەک کە خەڵک لە دژی ڕژێمی ئیسلامی بێنە مەیدان و بە کردەوە مەسەلەی ئۆجالان تەرکیزی کرایە سەر. ئاشکرایە ئەم شەپۆلی ناڕەزاییانە سەبارەت بە دۆسێی ئۆجالان شکڵی گرت و هاوکات بوون و بەرفراوانیی ناڕەزاییەکانیش هەر بەم دەلیلە بوو. بەڵام مەسەلەی گرنگتر لە پشت ئەم جۆش و خرۆشەوە، مەسەلەی مێژوویی کوردە، وە بنچینەی ئەویش هەم ئەو ستەمەیە کە لە خەڵکی کورد دەکرێ لە وڵاتانی جیاوازدا.

**سیاوەش مودەڕیسی: لە ڕوانگەی تۆوە سیاسەتی ئوسوڵیی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد کامەیە؟**


**مەنسور حکمەت:** چەند وڵات بوونی مەسەلەی کورد، هەروەها جۆرا و جۆر بوونی زمانی ئاخاوتن لە ناوخۆی خودی خەڵکی کوردستانا، تایبەتمەندییەکی هێجگار ئاڵۆزی داوە بە مەسەلەی کورد. وەڵامی ئوسوڵی لە گۆشە دیدگای منەوە وەک کۆمۆنیستێک، شۆڕشی کرێکارییە لە ناوچەکە و کۆتایی هێنانە بە هەر جۆرە هەڵاواردنێک، لەوانەش هەڵاواردنی قەومی و نەژادی. کاتێ ئینسانەکان هێندە ئازاد بن کە هەر کەس وەکو خۆی، وەک ئینسانێک بە شوناس و تایبەتمەندیی فەردیی خۆیەوە، موعتەبەر و موحتەرەم بێ، ئیتر خەڵک پێویستییەکیان بەمە نابێ بۆ هەست کردن بە ئەمن و ئارامی و حورمەت، ناچاربن ناسنامەی ئیتنی و مەزهەبی و نەژادی و قەومی بۆ خۆیان داتاشن. وەڵامی ئوسوڵی بە زوڵم و هەڵاواردن، کۆمۆنیزمە. بەڵام لە نەبوونی وەڵامێکی لەم چەشنەدا، هێشتا دەتوانرێ دەستمان بگا بە هەلومەرجێکی گەلێ ئینسانی تر و عادلانەتر لەمەی ئەمڕۆ. بە بڕوای من مەوداکانی مەسەلەی کورد بە جۆرێکە کە لانی کەم لە سێ وڵاتی تورکیا و عێراق و ئێراندا دەبێ خەڵکێک کە خۆیان بە کورد دەزانن ئەم مافەیان پێ ڕەوا ببینرێ کە لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا، دەربارەی جیابوونەوە یان مانەوە لەگەڵ ئەم وڵاتانەیا بڕیار بدەن. من چەند ساڵێک پێش ئێستا لە نووسینێکا دەربارەی کوردستانی عێراق بە دیاری کراوی بەرگریم کرد لە دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراقدا. واقعییەت ئەمەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد و هێژموونی ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکان و زۆر جاریش تەنانەت عەشیرەیی، بەسەر ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە، بەرهەمی حەتمیی زوڵمی قەومییە. بە بڕوای من لە وڵاتێکی سەربەخۆدا لە کوردستانی عێراق، ڕێکخراوەکانی چەشنی یەکێتی نیشتمانی و حزبی دیموکراتی بارزانی، بە خێرایی دەکەونە لاوە و ئەحزابی سیاسی مۆدێرن و بەتایبەتی حزب و ڕێکخراو گەلی چەپ و کرێکاری دێنە پێشەوەی مەیدانی سیاسەت. باڵادەستیی تاڵەبانییەکان و بەرزانییەکان، بەرئەنجامی پاشکۆیەتی و فەرعی بوون و زەبروزەنگی ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ئەم وڵاتانەیە.

سیاوەش مودەڕیسی: سوپاس گوزارم لە تۆ و بە هیوای دیمانەکانی داهاتوومان.

**تیبینی: ئەم دیمانەیە لە ژمارە ٤ گۆڤاری (پوشە) وەرگیراوە...**

# زمانی دایك باشییەکانی بۆ منداڵ

نووسینی: هاوژین ڕەشید



ئاشکرایە کە گەلانی پێشکەوتووی جیهان زۆر گرنگی بە زمانی دایک دەدەن، چونکە سود و لایەنی ئەرێنی بۆ سەر کەسایەتی منداڵ یەکجار زۆرە و هەوڵدەدەم لەو وتارەمدا گرنگی زمانی دایک بخەمە ڕوو. زمانی دایک دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ڕەگی باوەڕبەخۆبوون لە منداڵدا. ئەمەش چونکە منداڵ دەتوانێ بە زمانی بنچینەیی خۆی قسەبکات و لەناو خەڵکیدا خۆی پێ بناسێتەوە. بوونی ناسنامەش لە ڕێی زمانەوە، یەکێکە لە هەرە چەکە بەهێزەکانی مانەوەی تاک لە کۆمەڵگاکاندا. زمانی دایک دەبێتە هۆی بەهێزی مێشک و فراوانبوونی. چونکە لە ڕێی زانینی زمانی خۆیەوە، منداڵ دەتوانێ بخوێنێتەوە و بنوسێ. ئەمەش خانەکانی مێشکی زیاتر و زۆرتردەکات بۆ وەرگرتنی زانیاری. بەوەش هەموو ئەو هەوڵانەی دەیدات لە ماوەی ژیانیدا، بەو ئاڕاستەیە دەبێت کە زیاتر خۆی پڕ زانیاری بکات و ناسنامەی خۆی لەبیر. نەکات. زمانی دایک ڕادەی زانیاری بۆ ناسینی کلتور و فەرهەنگی باوان و ڕەچەڵەکیان زیاددەکات. منداڵەکە هەرچەندە لە زێدی ڕاستەقینەی خۆی دووربێت، ئەگەر زمانی دایکی زانی، هەوڵدەدات فێربێت و بزانێ لەکوێوە هاتووە و فەرهەنگ و ناسنامەی گەلەکەی خۆی چی تێدا و چۆن ئاوێتەی بێت. ئەوەش دیسان ڕادەی دنیابینی و ئاستی هۆشیاری بەرزدەکاتەوە و زیاتر کەسایەتی بەهێزدەکات. زمانی دایک وادەکات منداڵ هەمیشە گەشبین بێت. خۆی باشتر بناسێ و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری بکات. خاڵێکیتری ئەرێنی ئەوەیە کە زمانی دایک دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشاری دەروونی و زیادکردنی متمانەکردن بە باوان و دەورەبەر. ئەویش چونکە منداڵەکە جوان دەزانێ سەر بە چ نەتەوە و فەرهەنگێکە و بەتەنها خوێندنەوە و وردبوونەوە، دەتوانێ بزانێ کە دەبێ چۆن و بە چ شێوازێک ڕەفتارکات لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا. هەروەها زمانی دایک دەبێتە هۆی جێگیری لایەنی سۆزداری مرۆڤ و باشتر دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی چواردەوری. بۆیە باشترین کار کە باوان بیکەن ئەوەیە منداڵەکەیان فێری زمانی خۆیان بکەن تا کەسایەتیەکی بەهێز و باوەڕبەخۆی هەبێت و نیگەرانی داهاتوی و ناسنامەی نەبن. بەوهیوایەی دایک و باوکان گرنگی زیاتر و زۆرتر بە زمانی خۆیان بدەن بەتایبەتی منداڵانی کوردی تاراوگە لە زمانی کوردی بێ بەش نەبن.

**************



**عەلی مەحمود: نامەکەی ئۆجەلان دەری دەخات باوەڕی بە سۆشیالزم نەماوە، سەردەمی تێپەڕیووە لای ئەو، ئەمەی ئەو دەیکات زۆر پارت و لایەن 35 سالّیش لەمەوپێش کردیان، ئەو زۆر دواکەوتووە، هاوکات باوەڕی بە خەباتی نەتەوەیی و خۆسەری دیموکراتیش نەماوە...**

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عەلی مەحمود سیمای ناسراوی چەپ و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە کوردستان... سەبارەت بە پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان و پرۆسەی ئاشتی و ڕێکەوتنی جۆلانی و مەزڵوم عەبدی...

**بۆپێشەوە: بەدوای کەوتنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، پرسی کورد چ ئاستی ناوچەکەو چ لە ئاستی دنیاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەفراوانی هاتۆتەوە ئارا... هۆکاری هاتنەوە ئارای پرسی کورد بەو فراوانییە چییە؟**

**عەلی مەحمود:** دیارە روخانی بەشار ئەسەد بە دەستی محەمەد جۆلانی و هەیئەی تەحریری شام هیچ لە بەرژەوەندی کورد و کەمایەتییە ئاینی و نەتەوەییەکانی سوریادا نەبوو, ئەمە بەو مانایە نییە بەشار ئەسەد و بەعس باش بوونبێتن، بەڵکە ئەلتەرناتیفەکەی لە دەسەڵاتەکە خراپتر بوو ئەوەی هات لەم رۆژانە بینیمان چ هەڵمەتێکی کۆمەڵکوژییان بەرامبەر بە عەلەوییەکان ئەنجام دا، بە هەموو پێوەرێک ئەو تاوانانە دەچنە چوارچێوەی تاوانە زەقە مەزنەکانەوە، ئەم دەنگ و سەدایە ئەنجامی ئەو تۆپە بوو ئۆجەلان تەقاندی، هێشتا چارەنوسی دووکەڵەکەی دیار نییە.

پرسی کورد لە رۆژئاوای کوردستان, پێش شەرع و لە کاتی تێکشکانی داعش لە هەرە رۆژە پرشنگدارەکانی خۆیدا بوو نەک ئێستا، ئێستا کە شەرع ئامادەی رێککەوتنە لەگەڵ رۆژئاوا لە ئەنجامی ئابڵوقەدانێتی لە لایەن پێکهاتەکانی سوریاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوەیە, ئەنجامی ترسانە لە دەستە سورە خوێناوییەکەی خۆی کە هەموو جیهان تاوانەکەیان بینی.

**روخانی بەشار ئەسەد بە دەستی محەممەد جۆلانی و هەیئەی تەحریری شام هیچ لە بەرژەوەندی کورد و کەمایەتییە ئاینی و نەتەوەییەکانی سوریادا نەبوو، ئەمە بەو مانایە نییە بەشار ئەسەد و بەعس باش بوویێتن، بەڵکە ئەلتەرناتیفەکەی لە دەسەڵاتەکە خراپتر بوو ...**

**بۆپێشەوە: دوای چەندین دەهە لە حاشاکردن لە بوونی کورد و کیشەی کورد لە تورکیادا، چ دەوڵەت باخچەلی و چ ئەردۆغان، لە ئێستادا دان بە بوونی کورددا دەنێن، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ داننان بە بوونی کورد لە تورکیادا تا چەندە بە مانای داننانە بە پرسی چەوساندنەوەی نەتەوەی خەڵکی کوردستان؟**

**عەلی مەحمود:** رۆژگارێک ئەگەر وێنەیەک هەڵبواسرایا لە ئۆجەلان بچوایە سزای لەسەر بوو, لەساڵی ٢٠٠١، پۆلیسی تورکیا خاوەنی کەبابخانەیەک و ١٢ پیاوی قەڵەویان دەستگیر کردووە کە سمێڵ و برۆیان پڕو ئەستور بووە، تەنها لەبەر ئەوەی برۆیان پڕ بووە، گۆرانی بەسەر ئیمرالی قەدەغە بوو، ئێستا باخچەلی کە خراپترین بوو بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی تەوقە دەکات لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد، ئەمە گۆڕانە، بەلاّم ئەم گۆڕینە پێویستی بەوەیە وڵات لە وڵاتی تاک نەتەوەو تاک ئالاّو تاک زمانەوە بگۆڕێت بۆ وڵاتی هەمووان، هەرچەندە وڵات نابێت بە وڵاتی هەمووان، چونکە دەوڵەت ئامرازێکی چینایەتییە، بێ لایەن نییە لە نێوان چینەکاندا.

رۆژنامەنوسی ئەرمەنی هرانت دینک لە ساڵی 2002 کە وتی"من تورک نیم. من تورکیایی و ئەرمەنیم." راکێشرایە دادگا و بەوەندەشەوە نەوەستان هەزاران کەس هەڕەشەیان لێی کرد، تا لە رێکەوتی 19-1-2007 تیرۆریان کرد.

دنیس گێچمش کۆمۆنیست بوو، وەک تورکێک باوەڕی بە برایەتی تورک و کورد بوو، لە کاتی ئیعدام دروشمی بژی برایەتی کوردو تورکی وتەوە، لە 6-5-1972 ئیعدام کرا.

کێشە نییە ئۆجەلان کە سەر بە نەتەوەی ژێر دەستە باسی برایەتی بکات، کێشە ئەوەیە نەتەوەی سەردەست کە سەرچاوەی نا دادیی و ستەمە نەتەوایەتییەکەیە دان بەو برایەتییەدا بێنێت.

**باخچەلی کە خراپترین بوو بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی تەوقە دەکات لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد، ئەمە گۆڕانە، بەلاّم ئەم گۆڕینە پێویستی بەوەیە وڵات لە وڵاتی تاک نەتەوەو تاک ئالاّو تاک زمانەوە بگۆڕێت بۆ وڵاتی هەمووان، هەرچەندە وڵات نابێت بە وڵاتی هەمووان، چونکە دەوڵەت ئامرازێکی چینایەتییە، بێ لایەن نییە لە نێوان چینەکاندا...**

**بۆپێشەوە: عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانی کراوی پەکەکە لە ٢٧ مانگی رابردوودا، پەیامێکی راگەیاند، کە تییایدا داوای چەکدانانی پەکەکەو خۆهەڵوەشاندنەوەی دەکات... چۆن دەڕوانە ئەم پەیامە و بۆچی ئەم پەیامە لە ئێستادا هات؟**

**عەلی مەحمود:** من لەگەڵ تێکۆشانی چەکداری نیم، بزووتنەوە چەکدارییەکان لەم سەردەمە نەک شانسی سەرکەوتنیان نییە، بەڵکە زۆریان بەرەو کۆتایی چوونە، ئەمەشی روویدا لە ئەفغانستان و سوریا لە ئەنجامی سەرکەوتنەوە نەبوو، لە ئەنجامی رۆڵ دابەشکردنەوە بوو، لە ئەنجامی بەهێزکردنەوەی کۆنەپەرستی بوو لە قازانجی سەرمایەداری.

خەباتی چریکی لە دوارۆژەکانی تەمەنی خۆیدا بەسەر دەبات، پێشکەوتنە گەورەکانی زانست لە بواری زیرەکی دەستکردوو و پەیوەندییەکان، بە تایبەتیش جەنگی غەزەو ئۆکراین تەکانی گەورەی دا بە پیشەسازی جەنگی، رۆژ لە دوای رۆژیش ئەم پیشەسازییە بەهۆی گۆڕانی جیۆپۆلتیکی جیهانی لە ئەنجامی ململانێی چین و ئەمەریکا بە رادەی مەترسیدار دەچێتە پێشەوە، شانسێک بۆ مانەوەی بزووتنەوە چەکدارییە چریکییەکان ناهێڵنەوە، بینیمان بزووتنەوە چەکدارییەکان لە کۆلۆمبیا لە فارکەوە بۆ ئالن رێک کەوتن، رێککەوتنەکەش بە قازانجی چەپ لەو وڵاتە تەواو بوو، لە مەکسیک زاباستییەکان کە هاوشێوەی پکک ن و باوەڕیان بە خۆسەری دیموکراتی هەیە، مارکۆس لە گەشتێکی چەند

مانگیدا خۆی بەپێ چوو بۆ مەکسیکۆ بۆ رێککەوتن، چەکیان دانا، پڵنگەکانی تامیل خەڵتانی خوێن کران، ناکسالەکانی هیندستان لاواز کراون، سوپای گەلی فلپین لە گفتوگۆدایە، ئەم جۆرە بزووتنەوانە خۆریان لە ئاوا بووندایە.

پکک ەش لە خەباتی چەکداریدا ئاسۆیەکی روونی لە بەردەمدا نەماوە، جەنگ ئەگەر درێژەی سیاسەت بێت بە شێوەی زەبرو زەنگ، ئەوە ئەگەر قازانجت نەبێت عاقڵی نییە ئەو شێوازە تێکۆشانە بکەیت، پکک لە کاری سیاسی ناو خۆی تورکیا چاکتر دەتوانێت کاربکات، تەنانەت لە قازانجی بەشێک لە چەپی تورکیاشدا حەرەکەت بکات.

دواتر نامەکەی ئۆجەلان دەری دەخات باوەڕشی بە سۆشیالزم نەماوە، سەردەمی تێپەڕیووە لای ئەو، ئەمەی ئەو دەیکات زۆر پارت و لایەن 35 سالیش لەمەوپێش کردیان، ئەو زۆر دواکەوتووە، هاوکات باوەڕی بە خەباتی نەتەوەیی و خۆسەری دیموکراتیش نەماوە، باسی دیموکراتیک دەکات ئیتر نازانم لەو چوارچێوەیە ئاراستەی پارتەکەی دوای خۆهەڵوەشاندنەوە بە چ ئاراستەیەک دەکات، ئەگەر هەر وەک دەم پارتی بێت بۆ ناوچەکە گرنگە وەک هێزێکی چەپی پێشکەوتنخواز دەمێنێتەوە.

**بۆپێشەوە: پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان تا چەندە لە ژێر هەژموونی زینداندایە؟ بە واتایەکی تر کەسی زیندانی تا چەندە دەتوانێت ئیرادەی ئازادانەی خۆی بەیان بکات؟**

**عەلی مەحمود:** ئۆجەلان پێشتریش لەگەڵ ئاگر بەس و رێکەوتن بووە، یەکەم کاری بۆ ئاگربەست لە رێکەوتی ١٧-٣-١٩٩٣ بریاری ئاگربەستی یەک لایەنەی دا. لەو قۆناغە لە پاڵ جەلال تاڵەبانی، ئەحمەد تورک، کەمال بورقای سەرۆکی پارتی سۆسیالست و حەمەڕەش ڕەشۆ ئاگر بەستەکەی راگەیاند.

سەرەتا ڕێگەیان دا عومەر ئۆجالانی برازای عەبدولا ئۆجەلان و پەرلەمانتاری پارتی دەم سەردانی بکات، پاشان شاندی ڕابردووی ئیمرالی کە پێکهاتبوون لە پەروین بوڵدان و سرِی سورەیا ئۆندەر، دووجار لەسەر یەک بچن بۆ دیدار لە دوورگەی ئیمرالی.

ئەو دەڵێت ئامادەم ململانێکان لە شەڕ و توندوتیژییەوە بگۆڕم بۆ کاری سیاسی و یاسایی، بەمەرجێک زەمینەم بۆ برِەخسێنن, لە نامەکەشیدا وەک فەرمان داواکاری نەخستۆتە بەردەست وتوویەتی ئەگەر پەسەندتان کرد.

دەوڵەت باخچەلی کە رابەری مێژوویی نەتەوە پەرستە پەرگیرەکانی تورکە دەڵێت ئەو پەیامەی لە ئیمرالی نووسراوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە نرخە، هەرچەندە ئەویش لە کۆتادا کەوتە هەرِەشە، بەڵام تا ئێستا ئەردۆگان و پارتەکەی هیچ ئاماژەیەک لە لێدوانەکانیان ناکرێت بۆ ئاشتی.

**بۆپێشەوە: چ لە پەیامەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان و چ لە لێدوانی سەرانی تورکیادا، باسێک لە کیشەی نەتەوایەتی لە تورکیادا نییە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عەلی مەحمود:** ئۆجەلان نامەکەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە, بەوەی گۆڕانکاری لە بواری یاسایی و حقوقی بکرێت، ئێستا جەهەپە داوا دەکات پرسەکە لە پەرلەمان بکرێت و کێشەیەک هەیە ناوی کێشەی نەتەوەیی کورد و وڵاتی تاک نەتەوە هەیە دەبێت بە ریفۆرم چارەسەر بکرێت، پەیامەکەی ئۆجەلان بووە گفتوگۆ لە کۆمەڵگەدا، ئەو باوەڕی بە چارەسەری نەتەوەییانە بۆ پرسەکە نییە، پێی وایە ئەو قۆناغە تێپەڕییوە و کۆتایی هاتووە, لێ من پێم وایە تێنەپەڕیوە کورد تێنووی چارەسەری ئەو پرسەیە، تا ئاوەکە نەخواتەوە ئەو داواکارییە کۆتایی نایات، ئەم قۆناغە مێژووییە دەبێت بە سروشتی تێپەڕێت.

**بۆپێشەوە: لاتان وایە دەوڵەتی تورکیا بەدوای چارەسەری پرسی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانەوەیە یان هەر بەدوای ئەوەیە کە پەکەکە هەڵبوەشێتەوە و چەک دابنێت؟**

عەلی مەحمود: تا ئێستا حکومەتی ئەردۆگان ئەوەی دەیڵێت تەنها هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەیە، بەڵام بەشێک لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لەگەڵ ئەوەن وەک کێشەی نەتەوە و دیموکراسیەت چارەسەر بکرێت، جەهەپە و داود ئۆغلۆ باباجان و زۆری دی، بۆ یەکەمجارە دووژمنە مێژووییەکانی پرسی کورد بوون ئێستا هاتوونەتە پێشەوە بە ریفۆرمی کەمیش بێت دەیانەوێت چارەسەری پرسەکە وەک ناسنامە و دەستوور بکرێت.

بۆپێشەوە: هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەو چەک دانانی، دەتوانێت پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان و ستەمی نەتەوایەتی **وەڵام بداتەوە؟**

**عەلی مەحمود:** نەخێر دەبێت دەوڵەتی تورکیا لە دەوڵەتی تاک نەتەوەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی نا نەتەوەیی و مافە لیبراڵییەکان وەک مافی هاووڵاتیبوون بە فەرمی بناسێنێت، پێش پککەش ئەم پرسە هەبووە.

**بۆپێشەوە: پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان رووی لە پەکەکەیە کە خۆی هەڵبوەشێنیتەوە و چەک دابنێت، کەچی دەوترێت ئەم پەیامە رووی لە هەسەدەشە لە کاتێکدا هەسەدە هیزێکی فەرمانڕەوایە، نەک پارتی زانی؟ لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عەلی مەحمود:** هێشتا نا رونییەک لەوەدا هەیە، بەڵام ئەم رێکەوتنەی هەسەدە کۆتایی بەو نا رونییە هێناو دەچێتە ناو سوپای سوریاوە، ئەگەر وەک هێزێکی یەکگرتووش بێت.

**بۆپێشەوە: ئاییندەی هەسەدە لەلایەک و پرسی کورد لە سوریای دوای ئەسەدا چۆن دەبینن؟ بەتایبەتی کە تورکیا هیندەی دژی پەکەکەو کیشەی کوردە لە تورکیادا، هێندەش دژی دەسەڵاتی خۆ بەڕیوەبەری رۆژئاوا و کیشەی کوردە، لە سوریادا؟ جیا لەوەش دەسەڵاتی دیمەشق، گوێرایەڵی ئەنقەرەیە؟**

عەلی مەحمود: هەسەدە کۆتایی بە دەسەلاتی خۆبەڕێوەبەری هێنا، بەوەندە رازی بوون سوپاکەیان بچێتە ناو سوپای یەکگرتووەوە، ئەمە لە زۆر جێگا کراوە وەک باشووری سودان ئەنجامەکەی باش نەبووە، خوێندن بە زمانی کوردی، ناسنامەی سوری بۆ سەدان هەزار مرۆڤ ئاوارەکانی عفرین و جێگاکان دیکە بگەرێنەوە، لەرێکەوتننامەکە تەنها ئەوە هاتووە کە

**بزووتنەوە چەکدارییەکان لەم سەردەمە نەك شانسی سەرکەوتنیان نییە، بەڵکە زۆریان بەرەو کۆتایی چوونە، ئەمەشی روویدا لە ئەفغانستان و سوریا لە ئەنجامی سەرکەوتنەوە نەبوو، لە ئەنجامی رۆڵ دابەشکردنەوە بوو، لە ئەنجامی بەهێزکردنەوەی کۆنەپەرستی بوو لە قازانجی سەرمایەداری...**

**پرسی کورد لە رۆژئاوای کوردستان، پێش شەرع و لە کاتی تێکشکانی داعش لە هەرە رۆژە پرشنگدارەکانی خۆیدا بوو نەك ئێستا، ئێستا کە شەرع ئامادەی رێککەوتنە لەگەڵ رۆژئاوا لە ئەنجامی ئابڵووقەدانێتی لە لایەن پێکهاتەکانی سوریاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوەیە، ئەنجامی ترسانە لە دەستە سورە خوێناوییەکەی خۆی کە هەموو جیهان تاوانەکەیان بینی...**

# درێژەی.... دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عەلی مەحمود

کورد نەتەوەیەکی رەسەنی وڵاتە، ئەمەش مافی هاووڵاتیبوونی بەخشی، وەلێ ئەم ڕێکەوتنە لەگەڵ هێزێکدا کراوە کە بینیمان رووی داعشیان سپی کردەوە لە دڕندەیی و وەحشیەت، لێ ڕێکخستنی ڕێکەوتننامەکە هەرچەندە ناوەند گێڕەکان دەرنەکەوتن لە فلیمی واژۆ کردنەکە کە زۆر باشتر بوو دەربکەون" تورکیا، قەتەر، ئەمەریکا، بەریتانیا و فەرەنسان" بەڵام شێوازێکی سادەی پرۆتۆکۆڵی تێدا بوو لە ئاستی کامپ دیڤد و ڕێکەوتنی فارک و حکومەتی کۆڵۆمبیا یان تەیمووری رۆژهەڵات نەبوو، بەڵام لەوە زۆر زیاترە تورکیا دەیەوێت بەسەر پەکەکەدا بیسەپێنێت.

**بۆپێشەوە: تا ئیستا دەسەڵاتی هەسەدە لە کۆمەک و پشتیوانی ئەمریکاو غەرب بەهرەمەندە، ئەو دەسەڵاتە بە کۆتاییهاتنی پشتیوانی ئەمریکا و غەرب، چارەنووسی چی بەسەر دێت؟**

**عەلی مەحمود:** رۆژئاوا لەناوچەی جوگرافیای جینۆسایددایە، بە کشانەوەی ئەو وڵاتانە بارودۆخی باش نابێت، یان ئەوەتا بە هەموو شتێک رازی بێت خەریکە واش دەکات، دەسەڵاتی خۆسەری دیموکراتیک نامێنێ، وشەی کوردستان و رۆژئاوا لە ناونانی جوگرافیای ناوچەکەیان نامێنێت، سوپا دەبێتە بەشێک لە سوپای ناوەندی بۆیە کێشەی لەگەڵ تورکیا کاڵ دەبێتەوە، زیاتر ئەوەی کرا ئەو پرسیارەی نەهێشت کە هەسەدە بەشێکە لە بانگەوازی ئۆجەلان یان نا؟ بووە بەشێک و پێش پەکەکە دەستی پێکرد.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ڕیکەوتنی ئەحمەد شەرع و موزلۆم عەبدی؟ ئایا ئەم ڕیکەوتنە تا چەندە شانسی بە کردەوە دەرهاتنی هەیەو دەتوانێت چارەسەری پرسی کورد لە سوریا بکات؟**

**عەلی مەحمود:** لە رێکەوتنەکە هیچ چارەسەرێک بۆ پرسێک ناوی کورد وە جوگرافیایەک ناوی کوردستان بێت نەکراوە، وڵات دەبێتە یەک وڵات یەک ناو، یەک ئاڵا، تەنها ئەو پەراوێز خستنە کە هەبوو بڕیار وایە کاڵ بکرێتەوەو وەک یەکێک لە پێکهاتە رەسەنەکانی وڵات سەیر بکرێت کە ئەسەد ئەوەی نەکرد و ناسنامەی نەدا پێیان، ئەم رێکەوتنەشی لەگەڵ هێزێکدا کردووە لە مانۆڕو فیڵکردن و پاشقول گرتندا بێ وێنە بووە لە رابردوودا، ئەخلاقی سیاسی نییە.

بە داخەوە رێککەوتنەکە لە تەوقیتێکیشدا کرا دەستی شەرع و گروپە فاشستەکەی لە قەتڵ و عامی عەلەوی کریستاندا خوێنی لێ دەتکدا، بۆیە لە رووی هەڵوێستی مرۆڤایەتییەوە نا ئەخلاقی بوو لەم کات و ساتە دەست بنێیتە ناو ئەو دەستە تاوانبارە خوێناوییە.

**بۆپێشەوە: کاریگەری ئەوەی پێی دەوترێت "پرۆسەی ئاشتی" لەسەر هەرێمی کوردستان لە باشور چی دەبێت؟**

**عەلی مەحمود:** بە ئەندازەی باکور کاریگەری لەسەر باشوور دەبێت، چونکە جەنگی پەکەکە و حکوومەتی تورکیا ئێستا جەبهە گەرمەکەی لە باشوورە، لە بەشێکی زۆری کوردستان هەر لە جادەی قیر لاتدا پەکەکەیەو ئەمە وێڕای مەترسی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و فڕۆکەی بە فڕۆکەوان و زیاتر لە 150 سەربازگەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

### درێژەی دوا وتە

کریکاریی و کۆمۆنیستی و جێخستنی نەریتی نوێی کۆمۆنیستی لە مەیدانی خەباتی کریکاری و جەماوەری و جێخستنی داخوازی و دروشمە کرێکارییەکان. بەرگری لە ئازادی و ئازادییەکان و هێنانی دروشمی ئازادی بیقەیدو شەرتی سیاسی، یەکسانی نیوان ژن و پیاو و چوونە جەنگی کوشتنی ناموسی، بەرامبەرکێ وەستانەوە لەگەڵ دین و رەوتگەلی دینی و خستنە رووی جیای دین لە دەوڵەت و سیاسەت و خویندن و پەروەردە، بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کەلتوری باو، لەهەموو ئەوانەش گرنگتر دەستبردن بۆ رێکخراوکردنی کریکاران و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە رادیکالەکان و پیکهێنانی شوراکان وەکو ئەلگۆیەکی نوێی پشت بەخۆبەستنی جەماوەری و هەڵبژاردنی نوینەران بەشیوەی راستەوخۆ و ئازادانە... چەند گۆشەیەک لە دیمەنی بزوتنەوەیەکی چینایەتی نوێ و تازەی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا خستە ڕوو. ئەم دیمەنە و رووهێنانی جەماوەری بۆی، بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی و تەواوی بلۆکی راستی لەناوخۆی کوردستان و ناوچەکە توشی ڕاچەنین و ترس کرد. کۆمۆنیستەکان و شوراکان، بە خۆنیشادانیان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا و بە دەستبردنیان بۆ نەریتی نوێی کۆمۆنیستی، کۆتاییان بە مەیدانداری تاقانەی بزوتنەوەی کوردایەتی هێنا و لەو کاتە بەدواوە، ئیتر کۆمەڵگە کوردستان تەنها پاوانی ئەو بزوتنەوەیە نییەو چەپ و کۆمۆنیزم، واقعیەتێکی تر حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەی کوردستانە.

دیارە تەمەنی شوراکان کورت و هاوکات خاوەن روئیایەکی رۆشنی کۆمۆنیستی یەکانگیر بۆ هەلومەرجی ئەوکاتە و ئاکامە جیهانیەکانی ئەزمەی کەنداو و سیاسەت و نەخشەی بۆرژوازی جیهانی نەبوو، هاوکات حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی بوونی نەبوو کەئاراستەی بکات و وەڵام بە گرفت و کێماسیەکانی بداتەوەو ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی کۆمۆنیستەکان. لەوانەش واوەتر نەبوونی روئیا سیاسی بۆ دەسەڵات، و دەستنەبردنی بۆ خۆ پڕچەکککردن و بەرگری... لاوازییەکی تری بوو. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە شوراکان نەریتی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی کۆمەڵگەی کوردستان بوو، نەریتی چەپ و کۆمۆنیزم بوو... کە لەدریژەی خۆیدا دەستی بە حزبی سیاسی خۆی گەیشت و بووە واقعیەتیکی حاشا لێنەکراوی کۆمەڵگەی عیراق و کوردستان...

دیارە ئەگەر چەپ و کۆمۆنیستەکانی عیراقیش، لە چەند شار و کارگەدا لە ناوەراست و خواروی عێراق، بەهەمان شیوەی کۆمۆنیستەکان و ریکخراو گروپە چەپەکانی کوردستان دەستیان بۆ پیکهێنانی شوراکان ببردایە، دەیتوانی کاریگەریی و رۆڵی گەورەی لەسەر بزوتنەوەی کریکاریی و پیشکەوتنخوازی عیراق دابنێت و بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیش لە ئەزمونێکی کردەییدا دەوڵەمەندتر بکات، کە کاریگەریگەریەکی بۆ چەندین دەهە دەبووە مایەی هیز بەخشین بە کۆمۆنیزم لە ئاستی عیراقدا و راستەخۆ کاریگەریشی لەسەر بزوتنەوەی شورایی کوردستان دەبوو.

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

عەلی مەحمود، هاوژین رەشید، توانا حەمە نوری، ئارام حەسەن، رێبوار یاسین، وریای رەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، رێبوار حەمەشەریف، بەندی عەلی،ڕیناس عارف، بژار...

**دۆسیەی ژمارە "پەیامی ئۆجەلان و ڕیکەوتنی جۆلانی و مەزلوم عەبدی"؟**


بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

## بۆ شورا کریکارییەکان...نووسینی: بژار

هەتاوە مەزنەکەی هەڵاتووی گڵێنە
تاریکی داگرە
بۆ ئەمڕۆ لەتیشکت بەلافاو برژێنە
دەمێکە ئەبینم تورەییت ئاگرە
ئاگربە! باستەم
ببێتە ئەستێرەی کوژاوە
ئاگربە! بائیتر
وەك ڕێژنەی بروسکە برژێیتە دونیاوە
هەڵسانە و هەڵمەتی بازووی تۆ
تیژرەوە.. وەك هەڵۆ
شالاوی بورکانیت
ڕژێمی بۆرژوای خستۆتە شەکوشۆ
هەڵسانەو مەهێڵە
بۆرژوا بەرگی تر کاتە بەر
پڕبەدەم هاوارکە:
"کۆمۆنە" ی" پاریس" ین
لە عێراق دێینە دەر!.
دارستان لە ئاستی
شالاوی سووری تۆ. نە چرەو نەزەبەنگ
کام شەپۆل گەورەیە لەکاتی جولانتا
نایەوێ دەرکەوێ نەبەرو و نە بەدەنگ
دەرکەوە ئەی هێزی شۆڕشی ئۆکتۆبەر
دەرکەوە ئازادی هەر بەتۆ دێتەدەر
دەرکەوە! ساماڵی دوای تۆف و کرێوەی
دەرکەوە! ئەزانم دەمێکە بەرێوەی
دەرکەوە، وەك ئەوەی
شۆڕشت بلێسەی سەند بێ
دەرکەوە، وەك ئەوەی
حکومەتی شورایيت
سەراسەر وڵاتی عێراقی گرتبێ! هەوری سوور بباری
وا کۆمەڵ چاوەڕێی بارانی پشکۆیە
ئەی شورای کلپە سێن!
ڕاپەڕە شۆڕشی نەوەستاو بە تۆیە
کە دەنگی ئێوە دێ
قەڵبەزە شەرم ئەکات هاژەی خۆی دەربڕێ
لە سیمای ئێوەدا
پڕشنگەو بە لێشاو تاریکی سەر ئەبڕێ
هەر ئێوەن برینمان گۆشتەو زوون دێننەوە
بەهاری ڕۆیشتوو جریوە ئاسایی بۆ دڵمان دێننەوە
ئەی شورای کرێکار هەوری سوور کڵپەسێن!
نەهێڵن بۆ ڕێگای بۆرژوا لابدرێن
ڕۆژێکە و هاتووە! دەسەڵات وەرگرە
ئەزموونە زۆر هەیە
سەرمایە نەفەوتێ هەمیشە پەنگرە!



دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام



دوا وتە

## بزوتنەوەی شورایی هیواو دیاردەیەکی نوێ لە جەرگەی هەلومەرجێکی کۆنەپەستانەدا

بزوتنەوەی شورایی و شوراکان لەدڵی تاریکترین برگەی میژوویدا، لەناو جەرگەی وەیشومەی جەنگ و ملهوری ئەمریکاو غەربدا، لەژێر سایەی ئاسۆی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیستیدا، لەگەڵ ڕاپەرینێکدا کە ئاسۆی بزوتنەوەی کوردایەتی و خەونی کۆنەپەرستانەی حزبەکانیان، بەسەریدا زاڵ بوو، هاتە مەیدان. لەو هەلومەرجەدا شوراکان و بزوتنەوەی شورایی سەرباری هەر کەم و کوڕی و نارۆشنیەک کەهەیان بوو. جوانترین دیاردەی "نا" وتن بوو بەم هەلومەرجە... تاکە دیمەنی روناکی ناو جەنگەڵستانێکی تاریک بوو.

دەبێ ئەوا راستیەش لەبەرچاو بگرین، بزوتنەوەی شورایی بەرهەمی مانگرتنە کرێکارییەکان، خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، جموجۆڵی و ڕەوتی روو لەپێشی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری نەبوو، بەڵکو بەرهەمی ئەو بۆشاییە سیاسی و ئیدارەیە بوو، کەبە هەڵپێچانی بنکەو بارەگا و دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان دروست ببوو. لەو هەلومەرجەدا کە بۆشایی سیاسی و ئیداری دروست بوو، بزوتنەوەی شورایی و شوراکان، بەدەستپێشخەری چەپ و کۆمۆنیستەکان و ریکخراوە و گروپەکانیان دەستی بۆ براو پێکهێنران.

ئەم هاتنە مەیدانەی چەپ و کۆمۆنیزم بەم شێوەیەو لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، یەکەمین بەریەک کەوتنی چەپ و کۆمۆنیزم و گروپ و ڕێکخراوەکانیان بوو، لەگەڵ کۆمەڵگە و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە بۆرژوازییەکان. تا بەر لەئەزمەی کەنداو و سەروەختی ڕاپەرین گروپ و ریکخراوە چەپەکان زۆرتر خەریکی خەباتی سیاسی و فکری و تیئۆری و ژێر زەمینی و نهێنی بوون، بەشداری چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ڕاپەرین و دواتر پێکهێنانی شوراکان، یەکەمین دەرکەوتنی کردەیی و مەیدانی ئەو بلۆکە لە چەپ و کۆمۆنیزم بوو، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا.

ئەم یەکەمین دەرکەوتنەی چەپ و کۆمۆنیزم و دەستبردنیان بۆ پیکهێنانی شوراکان لە کارگەو گەرەکەکان، و لە لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک، و پێشوازی کریکاران و جەماوەری بێبەش لە شوراکان رووداوێکی یەکجار گەورە لە کۆمەڵگەی سیاسی کوردستاندا بوو، تا ئەوکاتە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و نەریتە سیاسیەکانی تاکە مەیداندارى سەر گۆرەپانی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. بۆیە دەرکەوتنی چەپ و کۆمۆنیزم لەمەیدانی پراکتیکی و دەستبردنی بۆ نەریتێکی نوێی کۆمۆنیستی بۆ ئیدارەی کۆمەڵگە و دامەزراندنی شوراکان و هێنانە ئارای چەندین دروشم و ئیدەی سیاسی

بۆ لاپەڕە 12